کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد

# کوردستان یا ئەرمەنستان

## ملهوڕەکان یا شەهیدەکان

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە، پێشەکی و
پەراوێزنووسیی

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٩

٣٦٤,١٥١
ن ٩٥٢ نەجاتی عەبدوڵڵا
کوردستان یان ئەرمەنستان / وەگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا٠–
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٩.
١٣٦ل: ١٤,٥×٢١ سم، وێنە، بەڵگەنامە، زنجیرە؛ ١٠٦
١– کوردستان، ئەرمەنستان،– ٢– کێشەی ئەرمەن– کورد
٣– ناونیشان ٤– زنجیرە؛ ١٠٥
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێن و پێڕستی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١٠٦
کتێب: کوردستان یا ئەرمەنستان: ملهوڕەکان یا شەهیدەکان
نووسینی: کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد
بابەت: بڵاوکراوەی مێژوویی، قاهیرە، ١٩١٩
لە فرانسییەوە وەرگێڕانی: د.نەجاتی عەبدوڵڵا
پیتچنین و مۆنتاژ و هەڵەچنی: وەرگێڕ
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ٧٠٠
نرخ: ٢٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ٢٤١٨ی ساڵی ٢٠٠٩
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی: Le Comité de l'indépendance kurde : *tyrans ou martyrs.* Le Caire : Barbey, ١٩١٩.*Kurdistan ou Arménie*

هەموو مافێك پارێزراوە. بەبێ مۆڵەتێکی پێشوەخت، بە هیچ شێوەیەك ڕێ نادرێ ئەم کتێبە یا بەشێکی دەر بکرێتەوە، یان لە چوارچێوەی زانیاری بەدەستهێناندا هەڵبگیرێ یا بگوێزرێتەوە.

لە بڵاوکراوەکانی
**بنکەی ژین**
**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی ١٠٥، کۆڵانی ٥، خانووی ٢٣
نۆرماڵ: ٣١٢٩١٠٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
E-mail: bnkaizhin@yahoo.com

## چۆن ئەم کتێبەم دۆزییەوە؟

دەمێك بوو لە ڕێگەی چەند سەرچاوەیەکەوە دەمزانی کەوا نامیلکەیەکی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد* بەناوی (کوردستان یا ئەرمەنستان) لە قاهیرە ساڵی ١٩١٩ بە فرەنسی بڵاوکراوەتەوە. بەڵام بەداخەوە زۆر گەڕام بەڵام بێهوودە هەمووجار بێهیوا دەمامەوە و تەنها تاکە هیوام ئەوەبوو و دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە (ڕەنگە) لە قاهیرە هەر دەست بکەوێ. پێم وابێ ئەگەر یادەوریم بەهەڵەی نەبردبم لە یەکێك لە سەفەرەکانی ساڵی ٢٠٠٢-م بۆ لەندەن کاتێك لە کتێبخانەی بریتانیا (بریتش لایبرەری) خەریکی بەسەرکردنەوەی کاتالۆگی کتێبخانەکەبووم لەسەر کورد چاوم بە ناوی ئەم کتێبە کەوت، خۆشیەکی گەورە دایگرتم و ئومێدێکم بۆ بوژایەوە، گەرچی کتێبەکە هیچ دانەیەکی لە کتێبخانەی بریتش لایبرەری دا نەبوو بەڵام ئاماژە بەوە کرابوو کە لە کتێبخانەی مانچستەر دا دانەك هەیە و کۆدی کتێبەکەش نووسرابوو. ئەمە هیچ گومانی لەوەدا نەهێشتمەوە کە ئەگەر دوژمنەکانمان دەستیان نەگەیشتبێتە ئەم نامیلکەیە ئەوا سەد لەسەد ئەو دانەیە ماوە و دەکرێ بەردەستی بخەین. هەر دوای هاتنەوەم بۆ پاریس من دەمودەست لە ڕێگەی زانکۆی سۆربۆنەوە داوای کۆپییەکی ئەم کتێبەمان لە کتێبخانەی مانشستەر کرد، هێندەی نەبرد لەماوەی دە ڕۆژێکدا کە ڕەنگە کەمتریش بووبێ بە تەلەفۆن ئاگادار کرامەوە کە کۆپی کتێبەکەت هاتووە و وەرە هەقی

---

* کرد استقلال قومیتسی Le Comité de l'indépendence kurde

پۆستە و کۆپیەکە بدە و وەریبگرە. هەر زوو خۆم کرد بەنا و زانکۆی سۆربۆن و بینیم لەنا و زەرفەکە کۆپیەکی خاوێنی کتێبەکەیان بۆ ناردووم، ماوەیەکی زۆر تاس بردمییەوە ئایا ئەمە ڕاستە یان خەونە؟ هەرچۆنێك بوو و خواکردی و خەون بوو بەڕاستی و کۆپیەکەم بە سینگی خۆمەو نووساند وەك ئەوەی کەسێك ۸۹ ساڵ بێت جگەرگۆشەیەکی خۆی لیٚ ون بووبێت، ئەوجا ئێوە خەیاڵ بکەن داخۆ ئەمە چ خۆشیەکی لەگەڵ دایە.

ئەم نامیلکەیە کە ئێستە وا لەبەردەستان دایە، پێم وانییە لەم تاقە دانەیەی زیاتر مابێتەوە کە ئێستە لە کتێبخانەی مانشستەر پارێزراوە، بۆیە ئەمە بەڕاستی وەك دەسنووس وایە گەرچی دەسنووسی وا هەیە بە دەیان نوسخەی دیکەی هەیە. دوای وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیە زۆرم بەلاوە مەبەست بوو کە کارێك بکەین لەگەڵ وەرگێڕانە کوردییەکە دەقی ئەسڵی کتێبەکەش وەکووو خۆی دوبارە بلاوبکەوینەوە بۆ ئەوەی هەم مەترسی لەناوچوونی نامیلکەکە بە تەواوی بڕەوێنینەوە و هەم کتێبەکەش بهێنینەوە ناو کتێبخانەی کوردی بۆ لای خاوەنی ئەسڵیی خۆی. دیارە جێگەی خۆیەتی لە بلاوکردنەوەی ئەم کتێبە سوپاسی زۆری مامۆستا ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح بکەم کە پەرۆشیان بۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە سنووری نەبوو بەو هیوایەی بنکەی ژین هەر پڕبەرهەم و خەرمان بەرەکەت بێت.

نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس، ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠٠٩

## پۆرتریتی ڕۆژنامەوان، مێژوونووس و دیپلۆماتی کورد:

## سورەییا بەدرخان بەگ

(١٨٨٣- ١٩٣٨)

ناوی تەواوی ئەحمەد سورەییا بەدرخان بەگ و کوڕی گەورەی ئەمین عالی بەدرخان بەگی میری بۆتانە و دایکی چەرکەسی بووە، ساڵی ١٨٨٣ لە (مەکتەلە)ی سووریا لەدایك بووە. سورەییا لە دەستپێکی سەدەی بیستەمدا دیپلۆمی ئەندازەی کشتوکاڵی لە زانکۆی کۆنستانتینۆپل تەواو کردووە. ساڵی ١٩٠٤ بە تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی ئیمپراتۆریای عوسمانی تاوانبار کراوە و دوو ساڵ و نیوی ژیانی لە زیندان و ئاوارەییدا بەسەر بردووە. دوای کۆدێتای گەنجە- تورکەکان ساڵی ١٩٠٨ گەڕاوەتەوە بۆ کۆنستانتینۆپل و وەکوو ڕۆژنامەنووس دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی خولی دووەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"، کە کۆتایی نیوەی دووەمی ١٩٠٨ تا بەهاری ساڵی ١٩٠٩ی خایاندووە. بەداخەوە تائێستا هیچ ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیە نەکەوتووەتە بەردەست، کە وا دیارە هەفتەنامە بووە، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی وا لەڕێی گۆواری "دونیای ئیسلام"ەوە بۆمان ماوەنەتەوەو لیستێکی چاپکراوەکانی عوسمانیی تێدا جێ کراوەتەوە تا ٢٩ی تەمووزی ١٩٠٨ دەگرێتەوە. لیستەکە ناوی هەفتەنامەی "کوردستان"- خولی

**دووەمیشی تێدایە، کە وەك "کوردستان"- خولی یەکەم نیوەی تورکی و نیوەی کوردی بووە[١]. من هەر بیرم بۆ ئەوە دەچێ کە ئەم ڕۆژنامەیە لە کۆتاییی ساڵی ١٩٠٨دا بڵاو بووبێتەوە. ڕۆژی ١٣ی نیسانی ١٩٠٩ سورەییا جارێکی بە تۆمەتی ((کۆنەپەرستی)) و ئامادەکاری بۆ یاخیبوونی عەسکەری خراوەتە ناو زیندانی (بەکر ئاغا) لە ئەستەمووڵ تا ساڵی ١٩١٠. وا دیارە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسیەکانی وڵاتدا بەخشراوە و ساڵی ١٩١٢ گەراوەتەوە بۆ کۆنستانتینۆپل و کۆمیتەی نهێنیی شۆڕشگێڕانی کوردی پێك هێناوە، کە زۆری نەبردووە دیسان بۆ جاری سێیەم خراوەتە کونجی زیندان و ئەمجارە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەر کراوە، بەڵام سورەییا لە زیندان هەڵاتووە و ئیدی بۆ دواین جار ئیمپراتۆریای عوسمانیی بەجێهێشتووەو ڕووی کردووەتە قاهیرە.**

**قۆناغی دووەمی ژیانی سیاسی و کولتووریی سورەییا لە قاهیرە، بریتییە لە دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" خولی سێیەم کە وەك "کوردستان"- خولی یەکەم ڕۆژنامەیەکی پازدە ڕۆژیی چوار لاپەڕەیی (کوردی و تورکی) بووە؛ ژمارەی یەکەمی لە ١٥ی ذي القعدة ١٣٣٥/١٢ی ئەیلوولی ١٩١٧ و دواین ژمارەی کە یازەهەمیەتی لە ١٥ی ربیع الثاني ١٣٣٦/٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٨دا دەرچووە[٢]. بە قسەی کۆلۆنێل ئەلفینستۆن کە لە زاری میر بەدرخانەوە نووسیویە گوایە سورەییا: ((کاتێك جەنگی یەکەمی**

---

[١] "La presse musulmane", In: *Revue du Monde Musulmane*, Tom VIII, ١٩٠٩, p.١٣٠.

[٢] بۆ سەرجەمی هەر یانزە ژمارەی ڕۆژنامەکە بڕوانە: د.کەمال فوئاد، ***کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (دەورەی سێیەم ١٩١٧-١٩١٨)***، سلێمانی، ١٩٩٨.

جیهانی هەڵگیرساوە لە قاهیرە بووە و توانیویە ڕەزامەندی و کۆمەگی حکوومەتی ئینگلیز دابین بکات بۆ بەردەوامیی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی))[٣].

دوادواییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، سورەییا لە قاهیرە یەکەم کۆمەڵەی سیاسیی کوردیی بەناوی (کۆمیتەی سەربەخۆییی کورد) دامەزراندووە، بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە تائێستا لەبەر دەستدان، (کۆمیتەی ئیستیقلالی کورد)* کە، وا پێدەچێ ڕاستەوخۆ دوای ئاگربەس لە قاهیرە دامەزرابێ، ڕەنگە زۆر زووتریش بووبێ. سکرتێری گشتیی سورەییا بەدرخان بووە. بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا دەست ئێمە کەوتوون، دەبێ ئەم کۆمەڵەیە بەر لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ دامەزرابێ. بازیل نیکیتین لای وایە، سورەییا هەر ڕاستەوخۆ دوای ئاگربەس ئەم ڕێکخراوەی دروست کردووە[٤]، بۆیە شیمانەی بەهێز ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵەیە لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا دامەزرابێ. شایانی گوتنە، ئەم کۆمەڵەیە لە هەموو کۆمەڵەکانی دیکە چالاکتر بووە، بەوەی وا یادداشتنامە و نامەی داوەتە هێزە هاوپەیمانەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان، بەڵام بە هەموو پێوانەیەك پێناچێ ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی ئەندام و بنکەی ڕێکخراوەییەوە هیچ خەڵکی بەدەورەوە بووبێ.

---

٣ *Cf.*W.G. Elphinston, « Azizan or the prince of Bohtan », In : *Journal of the Royal Central Asian Society*, Vol XXXVI, PT, ٣-٤, ١٩٤٩, p. ٢٥٠.

* کرد استقلال قومیتەسی.

٤ Basil Nikitine, *Les Kurdes, étude sociologique et historique,* ١ème édition Klinchsieck, Paris, ١٩٥٦, ٢ème éditions D'aujourd'hui, Paris, ١٩٧٥, p.١٩٦.

سورەییا یەکێك لەو تێکۆشەرە کوردانە بوو کە هیوایەکی زۆری لەسەر ئینگلیز هەڵچنیبوو و توانیبووی لە ساڵانی جەنگدا ((پشتگیری))ی ئینگلیز بۆ خۆی دابین بکات و سورەییا یەکەمین کەس بوو کە ڕاست و ڕەوان داوای سەربەخۆییی کوردستانی کردووە. هیچ کەس لەناو کورد بەقەد سورەییا پرسی کورد و مێژووی کوردی بە ئەوروپاییەکان نەناساندووە، ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز وەك: وللی و نۆیل لە کتێبی (کوردستان و کورد) ددان بەوەدا دەنێن کە ((**سورەییا ئەوەندە کاری بە نرخی بۆ کورد کردووە و ئەوە سورەییا بوو کە لە هەموو کەسێك زیاتر پرسی کوردی بە جیهانی دەرەوە ناساند بە تایبەتیش بیروڕای سەربەخۆیی کوردستانی بە گەلی ئینگلیز گەیاند**))[٥]. زیاد لەوە سورەییا یەکێك لەو کەسانە بوو کە ناوی لەناو ئەو ناوانەدا بوو کە ببن بە سەرۆکی کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز پێیان وابوو سورەییا، وێڕای ئەوەی وا ماوەیەکی زۆرە لە کوردستان دابڕاوە، ناتوانێ ((ئەم هەموو توخم و ڕەگەزە جیاوازانە لە قەوارەی داهاتووی کوردستاندا)) بەیەکەوە کۆ بکاتەوە[٦].

دوای ئەوەی ٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٧ کۆمەڵەی خۆیبوون لە لە لوبنان دامەزرا، سورەییا وەکوو کۆمیتەی سەربەخۆییی کورد

---

[٥] War Office, *Kurdistan and the Kurds*, [based on the reports of military and political officers C.F., Woolley, E. Noel, and on a paper written by Sir Mark Sykes], [London] : [Royal Anthropological Insitute], [١٩١٩?], p.١٠١.

[٦] هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

چووه ناو ئەم ڕێکخراوە و وەك ئەندامی دەستەی دامەزرێن بەشداریی کرد و بووە نوێنەری خۆیبوون لە (دیترۆیت) لە ویلایەتی (مەشینگان). بە ڕێگەوە بۆ ئەمریکا، کۆتاییی مانگی ئەیلوول و سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨، ماوەی پازدە ڕۆژ لە ڕۆما میوانی مۆسۆلینی بوو و چاوی بە مۆسۆلینی کەوت و دواتر –بە شیمانەی زۆر– ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٨ تا ناوەڕاستی نیسانی ١٩٢٩– بۆ ڕێکخستنی کاروباری کوردانی ئەمریکا و یارمەتی و پرۆپاگەندە بۆ خۆیبوون، هەر لە ئەمریکا مایەوە. ڕۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٢٩ لە ئەمریکاوە بەرەو ئەوروپا بەڕێ کەوت و کۆتاییی مانگی حوزەیران یا سەرەتای مانگی تەمووز گەیشتە بەیرووت. وا دیارە هێندە لە بەیرووت نەماوەتەوە و چووەتە شام، دواتریش هەر پاش ئەوە ڕووی لە فرانسا کردووە و لە پاریس بووەتە ((پەنابەری سیاسی))، وەکوو نوێنەری خۆیبوون لە پاریس دەستی بە چالاکی سیاسیی خۆی کردووە. پییێر ڕۆندۆ کە ئەو سەروبەندانە لە پاریس سورەییای بینییوە دەڵێ: ((کە چاوم بە سورەییا کەوت، هیچ شوێنەوارێکی وای لا جێنەهێشتم دەری بخات پیاوێکی سیاسی بێ))... ((ئەوەندەی تێگەیشتم زیاتر بایەخی بە پرسەکانی ئەدەبی دەدا و ئەوەی لە هەموان زیاتر وروژاندمی ئەوەبوو کە ئەو کەسێکی نووسەرە)) [٧].

سورەییا تا ساڵی ١٩٣٨ هەر لە فرانسا مایەوە و دواجار لە دوورەوڵاتی گۆڕغەریب بوو و ئێستەش کەس نازانێ ئاخۆ

---

[٧] مالمیسانژ، *بدرخانیو جزیرة البوتان*، ترجمة شکور مصطفي، ١٩٩٨، ص:٩٤.

**گۆڕەکەی کەوتووەتە کوێ. یادی سورەییا بەدرخان بەگ بەرز و گۆڕی پڕ بێ لە نوور.**

**بەرهەمەکانی:**

١-Le Comité de L'Indépendence Kurde, *Kurdistan ou Arménie : tyrans ou martyrs.* Le Caire : Barbey, ١٩١٩, (٢٣ p).

٢-*The case of Kurdistan against Turkey, by authority of Hoyboon, Supreme Council of the Kurdish Government,* Philadelphia: Kurdish Independence League, ١٩٢٨, (٧٦ p).

٣- *La question kurde : ses origines et ses causes,* Ed. Publication de la Ligue Nationale Kurde Hoyboun, n° ٦, Le Caire, ١٩٣١, (٥٦ p).

٤-"Mem-o-Zine, poème kurde", In : *L'Ethnographie,* N° Spécial, t ٢٤, ١٩٣١, p. ٤-٦.

٥- *Appel des kurdes du sud à la Société des Nations,* Publication de la Ligue de défense des droits de l'homme, Paris, ١٩٣١, (٦٨ p).

٦-« Cité et compagnes du Kurdistan», In : *XVIème congrès International d'Anthropologie,* Bruxelles, ١٩٣٥, p. ٧١٤-٧١٩.

٧-« La Femme kurde et son rôle social », In :*XVIème congrès International d'Anthropologie,* Bruxelles, ١٩٣٥, p. ٧١٩-٧٢٥.

٨-« La littérature populaire et classique kurde», In : *XVIème congrès International d'Anthropologie,* Bruxelles, ١٩٣٥, p. ٧٢٥–٧٣١.

# KURDISTAN ou ARMENIE

## TYRANS ou MARTYRS

PAR

Le COMITE de L'INDÉPENDANCE KURDE

LE CAIRE
IMPRIMERIE PAUL BARBEY
1919

بەرگی چاپی فەرەنسی کتێبەکە،
قاهیرە-١٩١٩

## پێشەکی

## کۆنگرەی ڤیەننا- پەیمانی پیرۆز

مەسەلەی ئەرمەن کە ئەوەندە بە توندی بیروڕای گشتیی ئەورووپیی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، ئەنجامی دەسیسە سیاسیەکانی کۆنە دیپلۆماتە ئیمپریالیستیەکانە کە سەرچاوەکانی لە بڕیارنامەکانی کۆنگرەی ڤیەنناى ساڵی ١٨١٥–ەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەوکات کە ئەورووپا قەناعەتی بەوە هێنابوو ناتوانێ هەر تەنها بە زەبری چەك ئیمپرتۆریای عوسمانی پارچەپارچە بکات، پەیماننامەیەکی بە ناوی پەیمانی پیرۆزەوە مۆر کرد، بۆ ئەوەی هەرچی زووتر بە مەرامی پارچەپارچەکردنی ئەم ئیمپراتۆریایە بگات و ببێتە میراتگری هەرێمە دەوڵەمەندو بەفەڕەکانی.

هەردوو هۆی سەرەکی کە لەلایەن پەیمانی پیرۆزەوە پەیڕەو کران، بریتی بوون لە: یەکەم– دنەدان بۆ یاخیبوونی دانیشتوانە غەیرە موسڵمانەکانی ئیمپراتۆریا، بۆ ئەوەی بیانووی پێویستیان ببێ بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئیمپراتۆریادا، بێ ئەوەی خۆیان ڕاستەخۆ بێنە ناوەوە، هەروەها دەست بەسەرداگرتنی چەند ناوچەیەك بۆ ئەوەی لە ڕووی ستراتیجییەوە ئیمپراتۆریا لاواز بکەن.

دووەم– بە بیانووی ڕیفۆرمەوە، پاڵ پێوەنانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بۆ دووپاتکردنەوەی یاسای خەوشداری ناوەندگریی

ڕۆژئاوایی، بە ئامانجی لاوازکردنی ڕێکخراوە عەسکەری و مەدەنیەکانی.

ئەنجامە داواکراوەکان هێندە درێژەیان نەکێشا و شۆڕشی هەرێمەکانی مۆریَ، بۆسنیا، دانووب و مۆڵداڤیا بوون بە سۆنگەی لەدایکبوونی شانشینەکانی یۆنان، سربیا، بوڵگاریا و ڕۆمانیا.

تەنها ئەرمەنەکان لەناو دانیشتوانە غەیرە موسڵمانەکانی ئیمپراتۆریادا مانەوە، کە هەموو ئەو ماوەیە هێمنییەکی نیسبییان پاراستبوو. بەڵام ئەرمەنەکان لە هیچ لایەك زۆرینەیان پێك نەدەهێنا و لە هەموو لایەکەوە بە گرۆی هاوڕەگەزی موسڵمان تەنرابوون، نە هۆگەل، نە ئەو توانایەی گەلانی باڵقانیان نەبوو و هاندانیان بۆ شۆڕش کەمێك سەخت بوو و پێویستی بە خۆئامادەکردنی زیاتر هەبوو و تەنها دەیتوانی بە زیانی خۆیان تەواو ببیَ.

ڕووسیا وێڕای ئەوەی هۆشیار بوو بەرامبەر بەم ڕەوشە تایبەتمەندەی ئەرمەنەکان، کەچی پێی وابوو پێویستە خۆی وەکوو پارێزەری ئەرمەنەکان نیشان بدات، بۆ ئەوەی بە چاوتێبڕینە ئیمپریالیستی و ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی بگات. ئیمپراتۆر ئەلیکساندەری دووەم، دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ پاتریارشی ئەرمەنەکان، نەرسیس ئەفەندی، لە سان ستێفانۆ، لە ماددەی ١٦ی پەیماننامەی سان ستیفانۆدا نووسیی: ((تورکیا پەیمان دەدات ڕێفۆرمی پێویست لەو هەرێمانەی کە ئەرمەنەکانی تێدا دەژین، بکات، بۆ پاراستنیان لەدژی کورد و چەرکەسەکان و ئەم مەرجنامەیە -لەسەر داوای شێلگیرانەی ڕووسیا- لە پەیماننامەی بەرلیندا هەر وەکوو ماددەی ٦١ مایەوە)).

www.zheen.org

ئەمە لە ڕۆژگارێکدا بوو کە نەتەوەی ئەرمەن، دوور بوو لەوەی وا لەلایەن تورکیاوە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و کەموزۆر ڕەگەزێکی لە هەموان لەپێشتری ئیمپراتۆریا بوو، کە چەندین وەزیر و فەرماندار بەرزی لەناو دەوڵەتدا هەبوو.

ئەرمەن سێزدە سەدە بوو لەنێوان تورك، کورد، عەرەب و چەرکەسدا وەك هاونیشتمانیی تەواو دەژیان، کڵێسە، قوتابخانە، دەستووری نەتەوەیی و ئازادییەکی ڕەهایان لە جێبەجێکردنی ئاینی خۆیاندا هەبوو، لەکاتێکدا لە زۆر دەوڵەتی ئەوروپیدا لە ژمارەیەکی زۆری ئەم مافانە بێبەش بون.

ئەو ڕووسیایەی کە خۆی وەکوو پارێزەری ئەرمەنەکان دادەنا دەرگەی قوتابخانەکانی داخست و زمانی لێ قەدەغە کردن و دەستی بەسەر مولك و کڵێسەکانیاندا گرت.

دوای پەیماننامەی بەرلین، کۆمیتە شۆڕشگێڕە ئەرمەنیەکانی وەکوو هنجاك و داشناك لەدایك بوون و هەموو ئەو شۆڕش و قەتلوعامانەی کە لە ١٨٩٢ تا ١٩١٨ ئەم دەرو ناوچە بەدبەختانەیان خەڵتانی خوێن کرد، ئەنجامی ئاسەفباری دەسیسەی ئیمپریالیستانەی ڕووس و پووچگەرایی ئەرمەنەکان بوون.

ئێمە بە هیچ کلۆجێ ئەو نیازەمان نییە نکووڵی لە باوەڕی خراپ و کەمتەرخەمیی بەڕێوەبەرایەتیی تورك بکەین، کە دەستی زۆری هەبوو لە لەدایکبوون و فراوانخوازیی ئەم دەسیسە سیاسی و ڕوانگە ئیمپریالیستیانەدا، بەڵام دەبێ ددان بەوەشدا بنرێ کە ئەگەر بەڵێندەرەکانی ڕیفۆرمەکان لە قسەکانی خۆیاندا ڕاستگۆ بوونایە، ئەگەر لەجیاتی ئەوەی داوای ئەم ڕیفۆرمانە بکەن بۆ کەمینە

نەتەوەیەکی مەسیحیی شەش ویلایەت، بۆ سەرلەبەری دانیشتوانیان داوا بکردایە کە لە ژێر نیری هەمان بەڕێوەبەرایەتیدا پلیشابوونەوە، دەکرا ڕێ بە زۆر کارەسات بگیرێ.

ئەمەیان پوختەیەکی کورتکراوەی ئەو هۆکارانەن کە بوون بە سۆنگەی لەدایکبوونی پرسی ئەرمەن، ئێمە لە نامیلەکەکەماندا بە دووروودرێژی باسی دەکەین.

ئەورووپا کە بەم جەنگی جیهانییە خوێناوییە نیگەران بوو و بە ڕاوێژی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێشنیاری کرد کۆمەڵەیەکی گەلان دروست بکات بۆ ئەوەی ڕێ لە گەڕانەوەی کارەساتی ئاوها بگرێت کەچی وا پێدەچوو جەنگێکی نوێ خەریکی ئامادەکردن بێت بەوەی بە شوێن هەمان ئەو ڕێچکەیەوە بچن کە لە لایەن ئیمپریالیزمی ڕووس لە کۆنگرەی بەرلین دا کێشرابوو.

ئێمە هیچ ناڕەزاییەکمان نییە بەرامبەر بە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی سەربەخۆ -بە مانای تەواوی وشەکە- لە چوارچێوەی ئەرمەنستاندا، بەڵام سەرنجی ئەورووپییەکان ڕادەکێشین بۆ ئەو دەرئەنجامانەی وا دەیانبیننەوە، ئەگەر ئەورووپا پێداگریی لەسەر مافی دانیشتوانە موسڵمانەکانی ئەو هەرێمانە بکات کە تا ساڵی ١٩١٧ لەلایەن ڕووسەکان و ئەمڕۆش ئەرمەنەکانەوە چاویان تێبڕدراوە.

بۆیە ئێمە لەم نامیلکەیەدا پێشنیاری ئەوە دەکەین لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە و خێرا بکەین بۆ سەلماندنی ئەستۆپاکیی کوردەکان لە هەموو ئەو تۆمەتە چەواشەکارانەدا کە لەو ڕێگەیەوە مەبەست بەستنەوە و ئەو مافە پیرۆزەیە کە چەندین

سەدەی بێئەژمارە بەسەر ئەم شەش هەرێمە تورکییەی ئاسیای بچووکدا هەیانە.

بەکۆیلەکردنی ملیۆنێك مرۆڤ بۆ کەمینەیەکی پێنج لەسەد بە ناوی ئازادیی گەلانەوە لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا بۆ داهاتوو، نەوایەکی ئەوەندە پڕکێشە و یاخیبونی خوێناویی لێ دەکەوێتەوە کە ئاشتیی جیهانی بەرەوڕووی مەترسییەکی بەردەوام دەکاتەوە و بۆ هەمیشەش دەیخاتە ژێر ڕەحمەتی یەکەمین ڕوداوگەلی کەمێك گرنگ.

کەوایە، ئەوە تەنها بۆ هەستی عەدالەت و دادپەروەریی ئەوروپی نییە ئێمە بانگەوازی بۆ دەکەین، بەڵکوو زیاتر بۆ هەستی جیهانگەرای ئالیکاریی مرۆیییە.

ئێمە لە هاوپەیمانە زلهێزەکان کە چارەنووسی سەرلەبەری جیهانیان لەبەر دەستە دەپاڕێینەوە، ئەم ناوچە بەدبەختە کە بە ناڕەوا ناوی نراوە ئەرمەنستان و جگە لە کوردستانی سەردەمی ئاشتی و پێشکەوتن هیچ شتێکی دیکە نییە، بیگێڕێنەوە بۆ کوڕوکاڵەکانی خۆی کە سێ سەدە زیاترە هەتیو کەوتوون.

کۆمیتەی سەربەخۆییی کورد

بنكەی ژین
www.zheen.org




نەخشەی کوردستان و ئەرمەنستان لە ڕوانگەی کوردەوە

www.zheen.org

## کوردستان یا ئەرمەنستان

### ملهوڕەکان یا شەهیدەکان

گوزارشـتی دوایـن کـۆنگرەی ئەرمەنـەکانمان لـە ڕۆژنامەکانـدا خوێنـدەوە، کـە بۆغـۆس پاشـا نۆبـار داوای شـەش ویلایەتـەکانی: سیواس، خارپووت، دیاربەکر، وان، ئەرزەرۆم و بدلیسی تێدا دەکات، وەك ئەوەی بەشێك بن لە ئەرمەنستانی نوێ.

ئێمە بە ناوی نەتەوەی کوردەوە، ناڕەزایی دژی ئەم بانگەشە نابەجێیانە دەر دەبڕین، چونکە ئەو هەرێمانەی کە لە سەرەوە ناویان هـاتووە، بەشـێك بـوون لـە خـاکی کـوردەواری، تـا ئـەو ڕۆژەی کـە بەرژەوەندی هەمەچەشنەی سیاسییان تێدا قووت بووەتەوە، ئەوەی کـە بـە نـاوی پرسـی ئەرمەنـەوە لەسـەری ڕێـك کـەوتوون، بـەڕەسمی لەلایەن ئەوروپاوە بەناوی کوردستانەوە ناسراوە.

ئەمڕۆژانە کە دادپەروەری بڕیار لەسەر چارەنووسی نەتەوەکان دەدات بـەوجۆرەی کـە لـە کۆنفرانسی ئاشتیدا هـاتووە، هـەموو ئـەو پرسانەی کە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، بەگوێرەی یاساکانی ماف و عەدالـەت چارەسـەر دەکـرێن. ئێمـە بڕیارمـان دا پرسـەکەمان ببەینـە بەردەم دادگەی گەلان و لـێ بگـەڕێین مشووری ئەوە بخۆن داخۆ ئەو مافانەی وا ئێمە لەسەر کوردستان داوایان دەکەین، بە هـیچ شێوەیەك

شـايانى ئـەوە نـين لێيـان بكۆلرێتـەوە، بـەر لـەوەى بڕيـار لەسـەر چارەنووسى ئەم وڵاتە بەدبەختە بدرێ.

بەگوێرەى مافە نێودەوڵەتيەكان، وڵاتێك هى ئەوە نەتەوەيەيە كـە دەتـوانێ بيـسەلمێنێ خـۆى يەكـەم نەتـەوەى سـوودوەرگر يـا بالادەستى يەكەمينە. با ئێستاكە لەوە بكۆڵێنەوە داخۆ ئەرمەنەكان يـا كوردەكـان كاميـان دەتـوانن بەڵگـەى زيـاتر بـۆ پـشتگيريى داخوازينامەكانيان بەدەستەوە بدەن.

**ئينسيكلۆپيدياى گەورەى فرەنسى*** دەنووسێ: ((كوردەكان.– گەلێكى چيانشينى ئاسياى بچووك–ن، بەتايبەتى لە ڕۆژئاواى ئێران، لە ناوچە چياييەكانى زەرياچەى ناوەڕاستى دەچلە و فورات جيگير بوون. كوردستان لە هەرێمى لوڕستانى ئێرانەوە درێژ دەبێتەوە تا خارپووت، جێگەى بەيەك گەيشتنى هەردوو چڵى فورات–ن لەسەر درێژاييەكى ٩٠٠ كيلۆمەترى لە باكوورى ڕۆژئاواوە بۆ باشوورى ڕۆژئاوا و پانييەكى ١٠٠ تا ٢٠٠ كيلۆمەترى لەسەر هێڵەكانى ٣٤° و ٣٩° پانى و ٣٧° و ٤٦°ى درێژى لە ڕۆژهەلات. شيوە سەرەكيەكانى كوردسـتان بـريتين لـە بامانـچاى ڕووبـارى بـدليس، هـەردوو زێـى ئەدهەم** و شيروان. زنجيرە بەرزاييـەكانى زاگرا*** و گۆلى وان وەك قەلاى ئەم دانيشتوانە مێژوويى و جەنگاوەرن.

ئەو كوردانەى كە لە دەورانى كۆنى كۆنەوە بە ناوى كاردۆ لەو دەورو ناوچـانەدا ژيـاون، دوژمـنى ئاشـووريەكان بـوون، بـە نـاوى

---

* *La Grand Encyclopédie Française*
** Les deux Zabes de l’Edhem
*** Zagra

بنكەی ژین www.zheen.org

کودراها[*]وە لەناو بەڵگەنامە ئێرانیەکاندا و بە ناوی کاردۆك و گاردێیەن[**]ەوە، یۆنانیەکان ناسیویانن و لە دوژمنە هەرە ترسناکەکانی کاتی کشانەوەی سوپا دەهەزاری گەزنەفۆنن)).

هەروەها لە **ئینسیکلۆپیدیای بریتانیکادا** ئەوە دەخوێنینەوە کە: ((کوردەکان پێشتر ئەوەندە بەس بوو وەك نەوەی کاردۆخیەکانی لەناو چیایەکاندا ڕێگەیان لە کشانەوەی سوپا دە هەزارییەکە گرت، وەسپ بکرێن، بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکان ڕابوردوویان تا دەورانێکی تەواو پێش هاتنی گریکەکان خستووەتە بەرچاو. چیایەکان کە دەیانڕوانییە سووریا، لە یەکەمین ڕۆژەکانی مێژوودا گەلێکیان تێدا ژیاوە بەناوی گۆتۆوە،- ناونیشانێك کە واتەی (جەنگاوەر)ی دەگەیاند و لە ئاسووریدا بە ومانا هاوواتای گاردۆ یا کاردۆ تەرجەمە کراوە. زاراوەی بەکارهاتووی سترابۆن بە شێوەیەکی ورد بۆ لێکدانەوەی کاردۆکەکان بەکار هاتووە. ئەم گۆتۆیانە ڕەگەزێکی ئەوەندە بەهێز بوون، شایستەی ئەوەن بە هەمان پلەی هیتییەکان، سوستان، ئەلەمیت و ئەسدێکیانسی بابل، لەناو یەکەمین هەڵکۆڵینە بزماریەکاندا دابنرێن-)).

وا دیارە ماوەی تەواوی دەورانی ئیمپراتۆریای ئاشوری، کوردەکان زۆر بە ئەستەم سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە. دوای ڕووخانی نەینەوا، لەگەڵ میدیەکاندا هاوپەیمانییان بەست و بە هەمان شێوە هەموو ئەو نەتەوانەی وا لە بانە بەرزەکانی ئاسیای بچووك، ئەرمەنستان و ئێران دەژیان، بەرەبەرە بوون بە ئاریایی. بێگومان ئەمە لە سۆنگەی کۆچی ژمارەیەك هۆزگەلەوە بووە لەم

---

[*] Koudrahas
[**] Gardéen

قۆناغه مێژووییەدا كه هەرچەندە نازانرێ لەكوێوە هاتوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە سەر بە خێزانی ئاریایی بوون.

كاردۆ ناچار بوو دەسەڵاتی سیروش قەبووڵ بكات، ئەمیان وەختێكیش چوو بۆ داگیركردنەكانی بابل و یەكەیەكی پیاوی چەكداری بۆ جێگرەوەكانی هێنا، ئەمانە پێیان دەوترا ساسپیرەكان یا ئەلاردییەكان، لەناو لیستی سوپای ئێكسریس[٨]دا هەن كە هیردۆت پاراستبووی.

گۆتۆیەكان لە سەردەمانێكی زووتردا یەك لەدوای یەك خرانە ژێر دەسەڵاتی مەقدۆنیەكان، پارت و ساسانیەكان. ئەگەر بتوانین پشت بەستوو بە ترادسیۆن و بەو شوێنەوارانە حوكم بدەین كە هێشتا لەناو وڵاتدا ماون، ئەوا گۆتۆیەكان بەتایبەتی لەلایەن پاشایەتیی ئاسانیەكانەوە پەسند كراون كە ڕێی تێ دەچێ هەر لە هەمان ڕەگەز بووبن. ئەم ترادسیۆنەی وا پێی‌دەڵێن گۆتانزا[*] و ناوەكەی لەوانەیە وەك هاوتای سەرۆكی گۆتۆ وەربگێردرێ، دامەزرێنی هۆزی گۆرانەكان، هۆزی سەرەكیی كوردستانی خواروەوە و ناوەكەی‌و هەروەها نازناوەكانی هێشتا لەناو ئەو نووسینە یۆنانیانەدا پارێزراون كە لە بێستوون، نزیك بە پایتەختی كوردیی كرماشان، دۆزراونەتەوە.

كوردەكان لەژێر دەسەڵاتی خەلافەتی بەغدادا، زۆر سەرگەردان بوون و ساڵی ٨٨٨ی پاش زاین و هەروەها ساڵی ٩٠٥ چەندین یاخیبوونی چەكداریی شكۆمەند لە باكووری كوردستان تەقینەوە.

---

[٨] Xersès : ئێكسریس بە فارسی واتە (خەشیارشا) .

[*] Gotanza

ئەمیرولدەولە ناچار بوو هێزەکانی خەلیفە دژ بە کوردەکانی باکوور بجووڵێنێ و قەڵای بەناوبانگی سەرماگ* داگیر بکات، کە هێشتا هەر ماوە.

دەورانی هەرە شکۆمەندیی کورد لە ماوەی سەدەی دوازدەهەمدا بوو، وەختێك سەلاحەددینی گەورە کە، سەر بە تیرەی ڕەوەندی هۆزی هەزبانییە، میرنشینی ئەیوبییەی لە شام دروست کرد و سەرۆکە کوردەکان، نەك تەنها دەسەڵاتی خۆیان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای چیایەکانی کوردستان سەقامگیر کرد، بەڵکوو تەنانەت دەسەڵاتی خۆیان ئەوەندە دوور برد تا گەیشتە خوراسان لەلایەك و میسر و سووریا لەولای دیکە.

ماوەی دەورانی دەسەڵاتی تەتەرەکان و مەگۆلەکان، کوردە چیاییەکان بە هێمنی مانەوە، وێڕای خواستی خۆیان، کەچی کەوتنە ژێر ڕکێفی حاکمانی پێدەشتەکان. وەختێك سوڵتان سەلیمی یەکەم دوای ئەوەی شا سمایلی لە ساڵی ١٥١٤ تێك شکاند، ئەرمەنستان و کوردستانی بەخۆیەوە گرێ دا و بەڕێوەبردنی ئەم دەرو ناوچانەی بەرەو ڕووی ئیدریس، کە مێژوونووسێکی کوردی بدلیس بوو، کردەوە.

ئیدریس، بینیی وڵات پڕیە لە قەڵا کە هی پشتاوپشتی سەرانی هۆزە کورد، عەرەب و ئەرمەنیەکان بوو. ئەمانەی دوایی کەموزۆر سەربەخۆ بوون و کاتی خۆیان بە شەڕی ناوخۆ و بەتاڵانبردنی کشتوکاڵ بەسەر دەبرد. ئیدریس ناوچەکەی بۆ چەند سنجاق یا

* Sermag

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەرێمێك دابەش كرد و بنەوانی پشتاوپشتیی قەبووڵ كرد و سەرۆكەكانی وەكوو حاكمانی ناوخۆ دامەزراند.

دەرو ناوچەكانی نێوان ئەرزەرۆم و یەریڤان كە لەلایەن تەیمووری لەنگەوە تالاَن كرابوون، ئەو كوردانی هەكاری و بۆهتانی تێدا نیشتەجیَ كردن.

سیستمی بەڕێوبەرایەتی كە لەلایەن ئیدریسەوە داوا كرابوو، تا كۆتایی جەنگی ڕووسی – توركی (١٨٢٨–١٨٢٩) درێژەی كێشا.

ئەم كورتە باسەمان بۆیە دەقاودەق بەدەستەوە دا، چونكە ئەمە پوختەیەكی مێژووی كورد لە دەورانی هەرە كۆنەوە بە دیار دەخات و ئەوە دووپات دەكاتەوە كە ئەرمەنەكان نەك هەرگیز سەرداری كوردستان نەبوون، بەڵكوو زیاد لەوەش كە نەتەوەی كورد ماوەیەكی زۆر بەر لە كشانەوە دەهەزار كەسیەكەی ئێكزینیفۆن هەر هەبوون، شانشینی ئەرمەن تەنها دوای ئەم كشانەوە دە هەزار كەسییە دروست بووە و مافی پێشقەرەوڵی –بێگومان– دەگەڕێتەوە بۆ كوردەكان. زیاد لەوە، ئێمە دووبارەی دەكەینەوە كە ئەرمەنەكان هەرگیز كوردستانیان لەبن دەست دا نەبوە و داگیركردنەكانی تیگران تەنها ماوەیەكی كورت بوون و فەوج گەلی ڕۆمانەكان هەر زوو ئەرمەنەكانیان تا سنووری كۆنی خۆیان ڕاو نا و ئەمە هەر لەوكاتەدا بوو كە تیگران خۆی لە ژیاندا بووە.

ئەمەیان ئەوەیە كە مۆمسین لەمبارەیەوە لە كتێبەكەی خۆیدا (مێژووی ڕۆم)، لە لاپەڕە ٥٣، لە كتێبی (٥)دا نووسیویە:

((پۆمپیێ بەم سەركەوتنە ئاسانە بەسەر تیگران دا شادمان بوو، حورمەتی بۆ گێڕدرایەوە و مەجەكانی ئاشتیی خۆی بەسەر تیگراندا

سەپاند. سەرباری دانی ۳٥,٥۰۰,۰۰۰ فرەنك و بەخششێك بۆ ئەفسەرەکان کە دەبێ هەریەکەیان ٥۲ فرەنك و ٥۰ وەربگرن، پاشا دەستبەرداری هەموو داگیرکردنەکانی بوو، نەك هەر تەنها ئەوانەی فێنیسی، سووریا، سیلیس، کاپادۆس، بەڵکوو لە ساپێن و کاردیۆم لەسەر کەناری ڕاستی فورات. جارێکی دیکە ئەرمەنستان بە مانای تەواوی وشەکە بەرتەسك کرایەوە)).

بەو پێیەی پێمان وایە ئەم بەڵگانە بەس بن و ئێستە لە مەسەلەی یەکەمایەتیی نەتەوەیی دەکۆڵینەوە و تەنها کۆپییەکی ئاماری ڕەسمی بەدەستەوە دەدەین کە لەلایەن حکوومەتی فەرەنسییەوە کراوە و ساڵی ۱۸۹۲لە کتێبی زەردی حکوومەتی فرانسیدا بڵاوکراوەتەوە.

| ئەرمەنەکان | موسڵمانەکان | دانیشتوانی هەرێمی |
|---|---|---|
| ۸۰,۰۰۰ | ٤۳۰,۰۰۰ | وان |
| ۱۳٤,۰۰۰ | ٦٤٥,۰۲۲ | ئەرزەرۆم |
| ۱۲۰,۰۰۰ | ۳۸۸,٦۲٥ | بدلیس |
| ۹٥,۰۰۰ | ٤۷۱,٤٦۲ | دیاربەکر |
| ٦۰,۰۰۰ | ٥۷٥,۳۱٤ | خارپووت |
| ۱۷۰,۰۰۰ | ۱,۰۸٦,۰۱۷ | سیواس |
| ۹۷,۰۰۰ | ٤۰۳,٤۳۹ | ئەدەنە |
| ۷٥٦,٤۳۳ | ٤,۰۱۲,۸۷۹ | سەرجەم |

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو سەرژمێرییەی کە لەلایەن حکوومەتی فرەنسییەوە لە ئاسیای بچووک کراوە، ئەم ئامارانە بۆ ژمارەی دانیشتوان بەدەستەوە دەدات:

| | |
|---|---|
| موسڵمانەکان | ١٤,٨٥٦,١٤٣ |
| مەسیحیەکان | ٣,٠٥٤,٦٣٣ |
| لەوانە ئەرمەنەکان | ١,٤٧٥,٠١١ |

بەگوێرەی ژێنێرال زەلنژی کە لەلایەن ئینسیکلۆپیدیای بریتانیکا وەر گیراوە، دانیشتوانی نۆ ویلایەتە تورکیەکانی ئەرزەرۆم، وان، بدلیس، خارپووت، مەعموورەت ئەلعەزیز، دیاربەکر، سیواس، ئەدەنە و تەرابزۆن بریتی بووە لە ٦,٠٠٠,٠٠٠ کەس بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەرمەنەکان | ٩١٣,٨٧٥ | یان | ٪١٥ |
| مەسیحیەکان | ٦٣٢,٨٧٥ | یان | ٪١١ |
| موسڵمانەکان | ٤,٤٥٣,٢٥٠ | یان | ٪٧٤ |

نووسەری ئەم وتارە درێژەی پێدەدا:

لە پێنج ویلایەتە یەکەمینەکان کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانە ئەرمەنەکانی تێدایە بریتییە لە ٢,٦١٢,٠٠٠ کەس بەمشێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەرمەنەکان | ٦٣٢,٢٥٠ | یان | ٪٢٤ |
| مەسیحیەکانی دیکە | ١٧٩,٨٧٥ | یان | ٪٧ |
| موسڵمانەکان | ١,٨٢٥,٨٧٥ | یان | ٪٦٩ |

تەنها لە حەوت قەزادا کە ئەرمەنەکانی تێدا زۆرینەی دانیشتوان پێك دەهێنن، ژمارەی دانیشتوانەکەی بریتییە لە ٢٨٧,٣٧٥ کەس بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەرمەنەکان | ١٨٤,٨٧٥ | یان | ٦٥٪ |
| مەسیحیەکانی دیکە | ١,٠٠٠ | یان | ٣٪ |
| موسڵمانەکان | ٨٨٦,٥٠٠ | یان | ٣١,٥٪ |

با ئێستە هەوڵ بدەین شوێنی کوردستان و ئەرمەنستان دیاری بکەین. ئینسیکلۆپیدیای نیوتالس* نووسیوویە: ((کوردستان درێژبوویەکی پێدەشتایی و چیاییە و کەوتۆتە ناو خاکی ئەو دیوو قەفقاز و ئێستە لە بندەستی تورك، فارس و ڕووسەکان دایە. لە پێدەشت گەلی سەوز و ڕیزێك چیای سەرکەش پێك دێت کە ڕووباری زێی گەورە، باتمانسوو و فورات بەناویادا تێپەر دەبن)).

دیاربەکر گەورەترین شاری کوردستانە و کەوتۆتە ١٩٤ میلی حەلەبەوە، وان، ئەویش شارێکی کوردستانییە و کەوتۆتە سەر گۆڵی وان لە ١٤٥ میلی ئەرزەرۆمەوە. دەجلە ڕوبارێکی گرینگی تورکیای ئاسیاییە کە لە چیایەکانی کوردستانەوە هەڵدەقوولێ و باشوور-ڕۆژهەلات دا دەرژێ تاوەکوو دیاربەکر و لەوێشەوە لە ڕۆژهەلاتەوە تاوەکوو لە بدلیس بەیەك دەگاتەوە.

پێویستمان بەوە نییە داکۆکی لە هەکاری، حەڕان**ی کۆن یا وڵاتی کاردۆخیەکان بکەین، بە هەمان شێوە نە خارپووت یا کارداند

---

* *L’Encyclopédie de Nuttals*
** Carrhes

و بەرزاییەکانی شەنگال بکەین کە، کوردە ئێزیدیەکانی تێدا دەژین و ئەو ناوچەیە سنووری سروشتیی کوردەکانی باشوورە.

ئێمە لە ئەرمەنەکان کەمتر چاوچنۆك، نە داوای کرماشان، کۆنە پایتەختی کوردی و نە بەهیستان، نە هەتا ئەردەڵانیش دەکەین، ئێمە تەنها ئەو هەرێمانەی تورکیا داوا دەکەین کە باڵادەستیی ژمارەیی کوردەکان ئەوە دەسەلمێنێ کە نیشتیمانی نەتەوەیی کوردەکانە.

ئێمە بە هیچ کلۆجێ وەك ئەرمەنەکانیش ناکەین و نکوولی لە بوونی دەوڵەتێکی ئەرمەنی ناکەین و هەوڵ دەدەین ئەم هەڵوێستەمان دیاری بکەین.

بە گەڕانەوە بۆ سەر نەخشەکەی سترابۆن کە ٦٠ ساڵ پێش زاین کێشاویەتی، ئەم زانیاریانە هەڵدەکرێنین: ((ئەرمەنستان دەکەوێتە نێوان زەریای خەزەر و چیایەکانی کوردستان و سنوورەکانی بریتین لە باکوور ئەلبانیا یا ئەللانی و لە ڕۆژهەڵات ئەمیزە)).

نیوتالس نووسیویە: ((ئەرمەنستان.- وڵاتێکە لە ئاسیای ڕۆژئاوایی، دەکەوێتە ڕۆژئاوای زەریای قەزوین و باکووری چیایەکانی کوردستان. ماوەیەك سەربەخۆ بووە و ئێستە لەنێوان تورکیا و ڕووسیا و ئێراندا دابەش کراوە. بانێك دەگرێتەوە کە شیوە بەپیت و فەڕەکانی دووکەرتی دەکات، لەسەر چیای ئارارات دەگاتە ئەوپەڕەکەی و لەوێ دەچڵە و فورات سەرچاوە دەگرن)).

لە مێژووی ڕۆمانیای مۆمسیندا ئەوە دەخوێنینەوە: ((پۆمپێ ئامادەکاریی ئەوەی کرد بوو کە پاشای ئیبەرەکان بە نهێنی لە دۆڵی قەوقاز پەلاماری ڕۆمانەکان بدات و لە دەستپێکی ساڵی ٦٨٩ (١٦٥ی دوای زاین) گەڕایەوە، بەر لەوەی دەست بکات بە بەردەوامیی ڕاوەدوونانی میتریدات، بەرەو ئەو قەڵایانەی کە بە حاستەم نیو

هەزار ئەڵمانیی هارمێزیکا و تسومار لە یەك جیا دەکاتەوەو کەمێك لە سەرووی تفلیسی ئێستەکەدان و شێوەکانی کور* و ڕێژگەی ئەرانگە** لە یەك جیا دەکەنەوە و کۆنترۆلی گوزەری نێوان ئەرمەنستان و ئیبەرسەکان دەکەن.

لە سەرووتر، هەمان نووسەر نووسیویە: تیگران ئەرمەنستانی بە مانای تەواوی وشەکە بەرتەسك کردەوە، ئێمە پێمان وایە نووسەر هەقی بووە ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە ئەرمەنستان کەوتووەتە ناو ئەو دەرو ناوچەیەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ئەلیسابتیۆڵو شارەکانی (ئاراس، یەریڤان و ئیچمیادزین) دەگرێتەوەو تا ئەم ڕۆژانەش شاری کاتۆلیکۆسی ئەرمەنی بووە و ئەمرۆ هێشتا هەر لەوێ دەبینرێن.

بەو پێیەی ئەوەی پێویست بوو گوترا، هیوادارین بەلای کەمەوە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ مافەکانی خۆمان ئەو هۆکارانە لێك بدەینەوە کە داخوازینامەکانی ئەرمەنەکانی لەسەر هەڵچنراون.

یەکەم: ئەرمەنەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تیگران دیاربەکری دروست کردووە و ناوەکەی تیگرانیستا بووە، ناوەکەی بە چەندین گۆکردنی جیاجیا ئەم گۆڕانەی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمەیان پێچەوانەی ڕاستیەکانە، چونکە دیاربەکر کە دەقاودەق واتەی وڵاتی بەکر دەگەیەنێ، لە لایەن بەکری کوڕی وێلی هۆزی رابی ئەلمودار دروست کراوە.

ئەرمەنەکان دەڵێن سەردەمانێك چەند شانشینێکیان لە سیواس، سیلیس و وان دامەزراندووە. ئێمە نیازی ئەوەمان نییە نکوولی لەوە بکەین کە کاگیك، حاکمێکی ئەرمەنی بوو لە وان، بە ئارەزووی

---

* Cur
** Aranga

خەلیفە موتەقید تاجی پاشایەتیی نرایە سەر، بەڵام دەورانی شانشینیەکەی ئەوەندە کورت بووە، دەبینین دوای هێرشی بازیلی دووەم، ئیمپراتۆریای بیزەنتین، شانشینی وانی بە شانشینی سیواس گۆڕیوەتەوە و لەگەڵ ئەرمەنەکاندا پەڕیوەی ئەوێ بووە. بەردەوام بێزەنتینەکان بەشوێنییەوە بوون، تا ناچار بوو سیواس-یش بەجێ بهێڵێ و بکشێتەوە بۆ کاپادۆس. بە قەبووڵکردنی ئەم ڕاستیانە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك دان بەوە دا نانێین کە ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ئەرمەنەکان مافێك لەم ناوچانە بۆ خۆیان دروست بکەن. هەموو ئەو دەرو ناوچانە بە هیچ کلۆجێ ئەرمەنی نەبوون. هەرگیز بەشێك نەبوون لە ئەرمەنستان بە مانای تەواوی وشەکە. ئەرمەنەکان لەوێ تەنها پەریوە بوون، جا ئەگەر هەلیان لە پشێویەکانی سەردەم وەرگرتبێ و بۆ ماوەیەکی کورت سەرداری ناوچەکە بووبن، ئەرمەنەکان خۆیان دەزانن زۆر بە کەمی خاوەنداری زەوی بوون و هەر کاتێك خۆیان لەبەردەم مەترسیی لەچنگدەرهێنانی موڵکداریێتیدا ببینەوە، لەگەڵ شوێنگەلی دیکەی کۆچباری دەیانگۆڕییەوە.

ئەوروپا بێدادییەکی گەورە دەکات، ئەگەر وڵاتێك بە ئەرمەنەکان ببەخشێ کە ئەوان تەنها ماوەیەکی کورت لەو وڵاتە ماونەتەوە، دانیشتوانەکەی هەمەچەشنەن و بە دووبارە گەڕانەوەی بۆ بندەستی کوردەکان، تەنها دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی پێشووی خۆی. ئێمە لامان وایە ئەمە بە هەمان شێوە سیاسەتێکی خراپە، چونکە هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ لەناو خاکێکی دوژمندا ڕەگاژۆ بێ و بۆ ئەوەی بەری ببێ، دەبێ لەناو خاکی خۆیدا پێی چەقاندبێ.

ئیمپراتۆریای تورك بەڵگەیەکی زیندووی ئەوەیە کە ئێمە باسمان کرد، پێکهاتوو لە ڕەگەزی دژ بەیەك، کەوتووەتە سەر خاکێك

www.zheen.org

کە بە هیچ کلۆجیێ سەر بەو خاکە نییە، بۆیە هەرگیز نەیتوانیوە سەقامگیر بیێ و هەمیشە لەژێر ڕەحمەتی پێکدادانیدا بووە.

ئەرمەنەکان نەتەوەیەکی لاواز، نەدارن و هەتا یەکگرتووش نین، بە هیچ شێوەیەك هیوای ئەوە ناخوازریێ سەرکەوتوو بن لەو شوێنەی وا تورکەکان تێیدا سەر نەکەوتن. لەکاتێکدا ئێمە بەو شێوەیە قسە دەکەین، هەستێکی برایانەمان بەرامبەر بە ئەرمەنەکان هەیە. ئێمە، دەمانەویێ ئەگەر پێویست بیێ دەستی ئالیکاری بۆ کۆنەپارێزانی ئەرمەنەکان درێژ بکەین. ئێمە بەوپێیەی سنوورەکانمان هاوسیێ و بەرژەوەندەکانمان هاوشێوەن، پێیمان باشە پێکەوە لە پێوەندییەکی باشی کۆمەڵایەتیدا بین.

هەڵبەتە ئەمە نایەتە دی، تەنها ئەگەر ئەمانەی دوایی [ئەرمەنەکان، و] بەوەندە دەستبەردار بن و داوای ئەوەندە بکەن کە هی خۆیانە و نەیانەویێ دەستدرێژی بکەنە سەر مافی هاوسێکانیان. ئێمە بە ڕاشکاوی ئەوروپا ئاگادار دەکەینەوە کە کوردەکان هەرگیز ڕێگە نادەن یەك بست لە خاکی نیشتمانەکەیان بچێتە سە بەشی نەتەوەیەکی دەستدرێژکار. کوردەکان کە داکۆکییان لە ئازادیی سەدان ساڵەیان کردووە دژ بە هەموو نەتەوەکانی ئاسیایی، لیێ ناگەڕێن بەبیێ بەرگری خاکەکەیان لەلایەن ئەرمەنەکانەوە دەستی بەسەردا بگیریێ.

لە سەرێکی دیکەوە، بەدبەختیی ئەرمەنەکان لەوڕاستییەوە سەرچاوە دەگریێ کە ئەوان هەمیشە گوێیان بۆ ڕاوێژی چەوتی ئەوانەی بیری خۆبەگەورەزانییان وا بۆ بەرژەوەندی سیاسیی خۆیان تێدا چاندوون، شل کردووە. ڕووسیا یەکەم وڵاتی مایەی بەدبەختیی ئەرمەنەکان بووە، بەوەی وا فریوی دەدان کە ئەوان چەوساوەن،

لەوساتانەدا کە ئەرمەنەکان نەتەوەی هەرە پارێزراوی بندەستی تورکیا بوون.

لەکاتێکدا کورد و عەرەب ناچار دەبوون کە لە خێزانەکانیان جیا دەبوونەوە یا کچەکانیان لەبەردەم موفتییەکی تورکدا مارە بکەن، کە هەر لە زمانیشی نەدەگەیشتن، کەچی ئەرمەنەکان بە زمانی ئەرمەنی لەبەردەم قەشەیەکی نەتەوەی خۆیاندا ئەو کارەیان دەکرد. لەکاتێدا کورد و عەرەب منداڵەکانیان دەنارده قوتابخانەیەکی تورکی و زمانی تورکی فێر دەکران، ئەرمەنەکان، ئەوان بۆ خۆیان قوتابخانەی تایبەتی خۆیان هەبوو و فێری ئەوە دەکران ڕقیان لە بێگانەی ستەمکار ببێتەوە. لەویٚ لەبەر چاوی حکوومەتی تورك، عەرەب و کورد وەکوو ئەندامگەلی خوارەوەی نەتەوەی تورك چاویان لیٚ دەکرا، کەچی ئەرمەنەکان نەتەوایەتیی تەواوی خۆیان پاراستبوو و هەتا ئەنجومەنی نیشتیمانیی خۆشیان هەبوو.

ئینسیکلۆپیدیای بریتانیکا لەمبارەیەوە ئەم وەسپەی خوارەوە لەبارەی ڕەوشی ئەرمەنەکان دەکات لەژێر نیری تورکدا: ((دوای داگیرکردنی کۆنستانتینۆپل لە ساڵی ١٤٥٣دا، محەمەدی دووەم ڕەعیەتە مەسیحیەکانی لەناو کۆمیونیتە یا میللەتدا لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆکێکی قەشەدا ڕێك خست کە دەسەڵاتی ڕەهای کاروباری مەدەنی و ئاینیی لەبن دەستدا بوو. لە سایەی ئەم سیستمەدا، مەترانی ئەرمەنەکانی بۆرسە لەلایەن سوڵتانەوە کرا بە پاتریارشی کۆنستانتینۆپل و بوو بە سەرۆکی مەدەنی و ئاینیی کۆمیونیتەکەی و خۆی وەك ئەندامێکی ڕەسمیی حکوومەتی ئیمپراتۆری بە پلەوپایەی وەزیر ناسرا؛ بەشداریی ئەنجومەنێکی دەکرد کە پێك هاتبوو لە ئەسقوفێك و کاهینێکی دیکە و لە هەر

هەرێمێکیشدا ئەسقوفێك نوێنەری بوو. ئەم *ئەمپراتۆریایە لەناو ئیمپراتۆریادا*[*]، لە ڕووی یاساییەوە شوێنێکی تەواو ناسراوی گرتبوو... . دوای ڕاگەیاندنی خەتی هومایۆنیی گوڵخانە لەساڵی ١٨٣٩ دا. بازرگان و پیشەوەرانی پایتەخت لە ڕێگەی ڕێکخراوێکەوە کە ساڵی ١٨٦٢ لەلایەن سولتانەوە پەسند کرا، لە کۆنترۆڵی ڕۆحانییە ئەرمەنەکان ڕزگاریان بوو. پاتریارشی ئەرمەنەکان کە هەروەکوو نوماینەدەی ڕەسمیی کۆمیونیتەی ئەرمەنەکان مایەوە، هەموو دەسەڵاتێکی خۆی لەدەست دا و دەسەڵات گواسترایەوە بۆ دەستی ئەنجومەنێکی تێکەڵ کە لە کەسە ڕۆحییەکان (قەشە) و خەڵکانی لاییک (عەلمانی) پێك هاتبوو، ١٤٠ ئەندام لەلایەن ئەنجومەنێکی نوێنەرایەتیکردنەوە هەڵدەبژێردران. کۆمیونیتە کە کاتۆلیك و پرۆتسانتەکانی لێ بێبەش بوون، هەر زوو ناوی بوو بە نەتەوە، پرسی ناوخۆیی بوو بە پرسی نەتەوەیی و ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ناوی ئەنجومەنی نەتەوەییی هەڵگرت. وەختێك عەبدولحەمید چووە سەر تەخت، ڕەوشی ئەرمەنەکان لە باشترین حاڵدا بوو، هەرگیز لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا وەزعیان وا باش نەبووبوو، بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگی ١٨٧٧-١٨٧٨، ئیدی پرسی ئەرمەن لەدایك بوو. تورکیا لە پەیماننامەی سان ستێفانۆ[٩]دا ((پەیمان دەدات چاکسازی لەو هەرێمانەدا بکات کە ئەرمەنەکانی تێدا دەژین)).

---

[*] *Impérium in Impéria*

[٩] ڕێککەوتننامەی سان ستیفانۆ San Stefano لە ٣ی ئاداری ١٨٧٨ دوای سەرکەوتنی گەورەی ڕووسیا بەسەر ئیمپراتۆریای عوسمانی لە دوای جەنگی ڕووسی- تورکی ١٨٧٧-١٨٧٨ مۆرکرا. بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە نەخشەی سیاسیی بالقان گۆڕانی زۆری بەسەرداهات: دان بەسەربەخۆیی بولگارستان، سێربیا، مۆنتینیگرۆ و ڕۆمانیا نرا و سەرباری ئەوە ڕووسیا دەست بەسەر

ئێمە لێرەدا داوای مۆڵەت دەکەین تا وەسپێکی ڕەوشی کوردەکان لەوکاتەوە بکرێ کە ڕووسیا داوای کرد ڕیفۆرم لەو یاساکانی حوکمڕانی ئەرمەنەکاندا ئەنجام بدرێ. حکوومەت کە وەك بەشێکی توخمگەلی ئیمپراتۆریا چاوی لە جووتیارانی کورد دەکرد و ئەوروپا بە هیچ شێوەیەك بەلای جووتیاری کورددا نەدەچوو و تەنها سەر بە هەوای فەرمانداریی تورك بوون ە ئەوانیش بۆ خۆیان گوێڕایەلی حاکمێکی گشتیی بە تەواوی سەربەخۆی تورك بوون. کاتێك کۆکردنەوەی باجی دەیەك خرایە مەزاد، ئەمە پەیوەست بوو بەوەی وا دانیشتوانە ئەسڵییەکان، یا بە شێوەیەکی زیاتر هەژارەکان، یان لە حاڵەتی سەرۆکهۆزەکاندا کە زۆر شانازییان بەوەوە دەکرد بە جۆرێکی ئاسایی دەتوانن بندەستی بخەن، بۆ ئەوەی بتوانن چاودێریی هاوئاینەکانیان بکەین و جووتیارە کوردەکان ببەستنەوە، خەرجییەکە بە شێوەیەکی ئاسایی لەلایەن مەسیحییە ئەرمەنەکان یا ئاسووریەکانەوە کرایەوە. ئەرمەنەکان، ئەوانەی وا چەردەیەك پارەیان دەداو لە خزمەتی سەربازی دەبەخشران، بەڵام توخمی موسڵمانی ئیمپراتۆریای عوسمانی تەنها بە ٥٠ لیرەی تورکی دەیتوانی ئەم کڕینەوەیە بکات و هێشتاش ئەمە لەکاتی ئاشتی ناوخۆ و دەرەوەدا دەبوو، چونکە لە حاڵەتی جاڕدانی جەنگ یا یەکەم پشێویدا، ئەو پیاوەی وا بەر لە سێ ڕۆژ خزمەتی

---

بەشێکی زۆری زەوی و زاری عوسمانی دا دەگرێ و سولتان گەرەنتی دەست و پێوەندە مەسیحییەکان دەدات. ئەنگلستان و ئۆتریش-هەنگاریا بە توندی دژی ئەم پەیمانامەیە وەستان و ڕووسیایان ناچارکرد چوار مانگ دواتر لە ١٣ ی تەمموزی ١٨٧٨ لە پەیماننامەی بەرلین ئەم ڕێککەوتننامەیە بەتەواوی دەستکاری بکەن، وەرگێر.

سەربازییەکەی کڕیبووەوە، ناچار دەبوو پێوەندی بە سوپاکەیەوە بکات لە بەرەکانی جەنگ.

ئینسیکلۆپیدیای فرەنسی بەمشێوەیە وەسپی داب و نەریتی کوردەکان دەکات: ((ژنەکانیان بەکارەوە شەتەك دراون)). ئەمە نەك هەر تەنها بۆ جووتیارانی کورد، بەڵکوو هەروەها بۆ جووتیارە تورکەکانیش ڕاستە. هەموو ئەو ئەوروپییانەی کە سەریان لە ئاسیای بچووك داوە، بینیویانە ژنانی موسڵمانی کارگەر، جووتکارن و قورساییی زەبەلاح دەخەنە سەر شانیان، ئەمە هەستێکی یاخیبوویان دژ بەو داب و نەریتە لا دروست بووە کە ڕێگە دەدات ژنان وەکوو چارەویی بارهەڵگر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و بە شێوەیەکی دڵگیر بە ژنانی مەسیحی، ئەرمەنی یان یۆنانی یان لەگەڵ ژنانی موسڵماندا بەراوردیان کردوون. هەڵبەتە ئەمە وەك ئەوەی ئەوان بیریان لێ کردووەتەوە کاریگەریی شوێنکاری ئاینی ئیسلام نییە، بەڵکوو کاریگەریی شوێنکاری ئەو سەربازگیرییەیە لە ئاسیای بچووکدا بەوەی وا پیاوان لە برێك جاردا بۆ ماوەی ١٤ ساڵ[١٠] لە کارەکانیان دوور دەخەنەوە و ژنان ناچار دەبن شوێنیان بگرنەوە.

ئێمە لیرەدا تەنها چاوپێداخشانێکی خێرا بەو ستەمکارییەدا دەکەین کە کوردەکان دەیچێژن و ئەرمەنەکان لێی بەخشراون، بەڵام ئەم کەمە چاوپێداخشانە بەسە کە ئێمە پێمان وایە ئەرمەنەکان بەلای کەمەوە سیستمێکی نەتەوەییی تایبەت بە خۆیان هەبوو، گەواهی لەسەر ئەم شێوازە دەدات کە موسڵمانەکان مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە،

[١٠] ئەو سەربازانەی بۆ هەرێمە دوورەدەستەکان دەنێردران، هەمیشە لەبیر دەکریان و وا هەبوو هەردوو قۆناغی سەربازیی نیزامی و ڕەدیف (یەدەك)یان لەناو سوپا دا بەسەر یەکەوە تەواو دەکرد، نووسەر.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەتا هەقی ئەوەشیان نەبوە سکالاّ لە دەست چارەنووسی خۆیان بکەن. بەم شێوەیە ئەرمەنەکان هەر تەنها بە هاندانی ڕووسیا ئەوەیان دەکرد و ڕووسیا ئاواتەخواز بوو دەست بەسەر کوردستان‌دا بگریّ، کە پێی وابوو هەلی لەبار هاتووەتە پێشەوە بۆ ئەوەی تۆوی دووبەرەکیی تێدا بچێنیّ.

ڕووسیا بەو پێیەی کە دەیزانی هیوای ئەوەی نەبوو کار لە کوردەکان بکات، بە جۆرێك کە کوردەکان هەر تەنها لە ترسی ڕووس حوکمی تورکییان قەبوولّ بوو، خۆی وەك پارێزەری ئەرمەنەکان بۆ بەرژەوەندەکانیان نیشان دا. ئەرمەن توانیی بەوە هەڵیان بخەلەتێنیّ کە ڕووسیا بە ڕاستی سەربەخۆیی‌یان پیّ دەبەخشیّ.

ڕووسیا -لەگەلّ ئەوەشدا- چاك دەیزانی ئەمە مەحاڵە، دەبیّ کونسولەکانی ئاگاداریان کردبێتەوە کە ئەرمەنەکان بەناو تەواوی ئیمپراتۆریادا پەرتەوازەن و لە هیچ شوێنێك زۆرینە نین، هەتا دابەش بوون بۆ نەتەوەی ئۆرتۆدۆکس، پاریا پرۆتستانت و کاتۆلیکەکان ناتوانن بەیەکەوە هەلّ بکەن. ئەم نەتەوەیە تا ئەو ڕۆژە لە پێوەندییەکی باشدا بووە لەگەلّ موسڵمانەکاندا و لەلایەن حکوومەتی عوسمانییەوە پەسن دراوە، بۆیە ئەگەر ڕابپەڕن، ئەوا زۆر دلّڕەقانە سەرکوت دەکرێن. بەلاّم هەرچۆنێك بوو، ڕووسیا پێویستی بە بڕو بیانوویەك بوو بۆ دەستوەردان لە ئاسیای بچووك. ئەرمەنەکان تەنها ئامرازێك بوون بۆ ڕووسیا کە چارەنووسەکەی بە هیچ شێوەیەك بەلایەوە گرنگ نەبوو، هەر کاتێك ڕووسیا بەو ئامانجە گەیشت کە خۆی پێشنیاری کردووە.

ئینسیكلۆپیدیای بریتانیكا نوسیوویە: ((ئەگەر جەنگی ١٨٧٧-١٨٧٨ كونسوڵە ڕووسەكان لە توركیا دنەی دروستكردنی كۆمیتەی نیشتیمانیی ئەرمەنیی دەدا و پرۆژەیەك داڕێژرا بۆ دروستكردنی دەوڵەتێكی ئەرمەنی جیاواز لە ئەرمەنستانی ڕووسیا و ئەم پرۆژەیە لەلایەن لۆریش میكیدۆفەوە پشتگیریی لێ كرا، بەڵام ساڵی ١٨٨١، ئەلیكساندەری دووەم كوژرا)). ئەمەیان بەگوێرەی نووسەری ئامارەبۆكراو، بووەتە سۆنگەی گۆڕینی سیاسەتی ڕووس، كەچی ئێمە پێمان وایە پێویستە بۆ ئەم هۆكارە لە هەڵوێستی ئینگلستان‌دا بەدوایدا بگەڕێین كە بە شێوەیەكی شێلگیرانە دژی دروستكردنی ئەم دەوڵەتە بوو.

ڕووسیا بە هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕشی ئەرمەنەكان لە توركیا. بەبێ ئەوەی بیەوێ لێ گەڕا پریشكێكی لای ڕووسیا بەجێ بهێڵێ و ئەرمەنەكانی ڕووسیا دەیانبینی بەداخەوە خەونەكانیان بە هەوادا دەچن. سكاڵا و شكاتیان بە دەنگی بەرز حكوومەتی ڕووسیای ترساندبوو، بۆیە تاكتیكی خۆی گۆڕی و سیاسەتێكی دژە ئەرمەنی جێبەجێ كرد. قوتابخانەكان داخران، بەكارهێنانی زمانی ئەرمەنی پێشی پێ‌گیرا، موڵك و ماڵی كڵێسەكان دەستیان بەسەردا گیرا و هەوڵی دا ئەرمەنەكان بخاتە ناو باوەشی كڵێسەی ڕووسییەوە ((ئەرمەنەكان كە هەموو هیوایەكی سەربەخۆیی‌یان لە سایەی پاراستنی ڕووسیادا لەدەست دابوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەركەوتنانەی كە كۆمیتە سلاڤەكان بەدەستیان هێنا، بەوەی وا پشێویان لە ناوچەكانی بالقان نایەوە، ویستیان پشێویی هاوشێوە لە ناوچەكانی ئاسیای بچووك بنێنەوە))[١١].

[١١] *Encyclopedia Britaniqua*

نووسەری بابەتەکە دەنووسێ: ڕووسیا هیچ هەوڵێکی ڕاستگۆیانەی نەدا بۆ ڕێگرتن لە ئەکسیۆنی ڕەعیەتە ئەرمەنەکانی، بەگوێرەی ئێمە، ئەوە ڕووسیا بوو پاڵی پێوە دەنان. هەروەها درێژەی پێدەدا کە سەرباری ئەوە ساڵی ١٨٨٤ ڕووسیا شێلگیرانە ڕێگریی لە دەستێوەردانی ئینگلستان دەکرد بە قازانجی ئەرمەنە تورکەکان. ئێمە پێشتر ئەوەمان بەدیار خستبوو کە بەلای کەمەوە بە قەبووڵکردنی پرۆژەکەی ڕووس و دەوڵەتێکی جیا دروست بکرابایە، ئەوا بە هیچ شێوەیەك داواکردنی ڕیفۆرمی ئەرمەنەکان پێویست نەدەبوو و ڕووسیا بە هیچ شێوەیەك حەزی نەدەکرد ئینگلستان بەوە بزانێ.

وەختایەك ئیچمیازین چووە پاڵ ڕووسیا ساڵی ١٨٢٨، کاتۆلیکەکان داوایان کرد دەسەڵاتی قەزایی ئاینییان بەسەر تەواوی کڵێسە ئەرمەنیەکاندا هەبێ، دواتر ڕووسیا ملکەچبوونی کاتۆلیکە سەربەخۆکانی سیس*ی دەستەبەر کرد و بەم شێوەیە دەسەڵاتی دەستێوەردانی لە کاروباری ئەرمەنەکانی تەواوی جیهاندا پەیدا کرد. ساڵی ١٩٠٠ ڕووسیا بەرژەوەندی نوێی لە ئەرمەنستان نیشان دا و مافی دامەزراندنی هێڵی ئاسنەڕێی وەچنگ خست و گوشاری خستە سەر بابی عالی کرد تا ریفۆرمە داواکراوەکان جێبەجێ بکات.

پەیماننامەی بەرلین ئەرمەنەکانی جۆرجیای نائومێد کرد کە هیواخواز بوون ئەرمەنستان و سیلیس لە یەك هەرێمی سەربەخۆدا پێکەوە کۆ بکرێنەوەو لەلایەن مەسیحیەکان ئیدارە بکرێ. بەڵام دروستکردنی ئەم هەرێمە مەحاڵ بوو، چونکە جۆرجیەکان لە تەواوی ئیمپراتۆریا و بەدەر لە چەند هەرێمێکی چکۆلانە لە هیچ لایەك

* Siss

زۆرینەی دانیشتوان نەبوون. هەتا لەناو خۆشیاندا یەکگرتوو نەبوون، کۆمیونیتەیەکی بیروباوەڕ یان هاوهەستیان نەبوو، ئەرمەنەکانی خوارووو کە بە دڵخوازی خۆیان بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد، زۆر بە زەحمەت لەگەڵ ئەرمەنەکانی باکووردا کە تەنها زمانی نەتەوەیی‌یان دەزانی، لێك دەگەیشتن و ئەرمەنە چیاییە نەزانەکانی ڕۆژهەڵات هیچ شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ بۆرژواکانی کۆنستانتینۆپل و سیمیرنادا نەبوو. دوای گۆڕینی تاکتیکی ڕووسیا و دوای ئەوەی هێزە گەورەکان هیچیان لە ڕیفۆرمەکان بەردەست نەکەوت، بەشێکی ئەرمەنەکان لەوانە ژمارەیەکیان کە لە ئەورووپا پەروەردە و بە باوەڕی پووچگەرایی گۆش بووبوون، بڕیاریان دا پشێوی لە تورکیا بنێنەوە، بە هەمان شێوەی وا بوو بەهۆی لەدایکبوونی بولگاریا. چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو لە تفلیس و ئەورووپا و چەند کۆمەڵەیەکی نهێنیی تاشناقەکان... هتد دروست کران بۆ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی زیاتر شۆڕشگێرانە ((بەم شێوەیە پرۆپاگەندەیەکی چالاك لە تورکیا دەستی پێکرد، لەلایەن کاربەدەستە نهێنییەکانەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، کە وەك هەوڵیان دەدا چەك و تەقەمەنی بگەیەننەوە ناو وڵات، لە هەمان کاتدا ڕووداوی ئاسایی و خراپی ئیدارەی حکوومەتی تورکیان بە زوڵم و ستەمکاری لێك دەدایەوە))[١٢].

ئێمە بە شێوەیەکی دەستپاکانە ئەم وتارەمان تەرجەمە کرد. تا ئێرە –ڕاستیەکەی– بۆ ئێمە نەدەشیا لەوەی وا لەپێشدا وتمان، چاکتری بسەلمێنین، تەنها بەم چەند دێرە نەبێ کە دەتوانین پێ‌بەپێ

[١٢] *Encyclopedia Britaniqua*

بکەوینە شوێنی دەسیسەکانی ڕووس و ئەو شێوازە کە ئەوانە لەگەڵ زیهنیەتی ئەرمەندا ڕەفتاریان پێدەکرد. ئێستە با لێرەدا بچینە سەر گەواهینامەیەکی دیکە.

ئێدگار گرانڤیل لە وتارێکدا بە ناوی (تساریزم لە ئاسیای بچووکدا) کە ساڵی ١٩١٧ لە ژمارەی ٢٦ی گۆواری "سیاسەتی نێودەوڵەتی"دا نووسیویە: ((زۆر بە دەگمەن ویستراوە لەوە تێبگەین کە کارەساتەکانی (پرسی) ڕۆژهەڵاتی مایەی گۆتکردنی هەموو هەوڵدانەکان بۆ بووژاندنەوەی ئیسلامی و ڕوو لە چاککردنی پێوەندیەکانی تورکی– مەسیحی، هەر هەمان ئەو بەڵایە بوو کە تساریزمی بەناو ڕووسیادا بڵاو کردەوە، بەوەی کە لەڕووی مەعنەوییەوە لە ئەوروپای ڕۆژئاوای جیا کردووەتەوە. لەسەر ڕاوێژی کۆنت ڤاراتسۆف داشکۆڤ، هاوڕێی نزیکی تسار لە قەوقاز، هاوڕێی نزیکی نیکۆلای دووەم، حکوومەتی ڕووس گەڕایەوە دواوە، موڵکە دەستبەسەرداگیراوەکانی بۆ کڵێسەی ئەرمەنەکان گێڕایەوە، قوتابخانەکانی کردەوە و کۆتایی بە پرۆسە سیاسیەکان و ناڕەحەتیە هەمەچەشنەکان هێنا، بەو ئامانجەی وا ئەرمەنەکان بلاوێنێتەوە و بە قازانجی سیاسەتی تسار لە ئاسیای بچووکدا ڕایان بکێشێ. مەبەست لەوە کۆتاییهێنان بوو بەو پشێوییە جوداخوازییەی کە لەنێو ئەرمەنەکانی قەوقازدا هەبوو، ئەویش بە فریودانیان، تا کۆنە پرۆگرامی شانشینێکی ئارارات لەبەر چاویاندا بەوجۆرە بەرفراوان ببێ بۆ شانشینی ئەرمەنی، بە لکاندنی بەشێکی گەورەی ئاسیای بچووک کە داوای مافی نازناوی تساری دەکرد بۆ سەر وڵاتی ئەرمەنستان، بە قەڵەمڕەوی تسارەوە، نازناوێک کە لەناو

www.zheen.org

نازناوە بێئەژمارەکانی ئیمپراتۆرەکانی تەواوی ڕووسیادا دیار بوو. وارتسۆف داشکۆڤی یارمەتیدراو لەلایەن راوێژکارە ئەرمەنەکانەوە، زۆر بە شایستەیی‌یەوە توانیی لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بناغەی کارێکی نهێنی لە ئاسیای بچووکدا دابنێ. جاران موسڵمانەکانی قەوقازیان دژ بە ئەرمەنەکان دنە دەدا، بەڵام ئێستە ئەمانە بەڕاستی بوونەتە ئامرازێکی خەبات دژ بە تورکیا، بەدبەختیی ئەرمەنەکان لەوەوە دێت کە لێ گەڕان تێکەڵی ئەمە بن. لەو ڕۆژەوەی هاوپەیمانیی ئەنگلۆ-ڕووسی ساڵی ١٩٠٧ بواری بۆ چاوتێبڕینەکانی ڕووسیا ئازاد هێشتووەتەوە، کاربەدەستانی ڕووس لە ئاسیا چالاکیی خۆیان بە دوو ڕوودا چڕ کردووەتەوە: لەلایەک دەبێ بیانوو دروست بکرێ بۆ دەستێوەردانی داهاتووی تسار، لەلایەکی دیکەوە وا لە ڕای گشتیی نێودەوڵەتی بگەیەنرێ کە بڕوا بکات ڕووسیا نیازی پاراستنی ئەرمەنەکانە و ئەوانیش پاراستنی ڕووسیا دەخوازن. بۆ بەردەستخستنی بیانوو، ئەوەندە بەس بوو بڵێسەی ئاگری دوژمنایەتی کوردی- ئەرمەنی خۆش بکەن.

کونسوڵە ڕووسەکان لەو شەش ویلایەتەی کە پێیان دەڵێن ویلایەتە ئەرمەنەکان، چەک و ئازووقەیان پێ‌دەدان و بەسەر شۆڕشگێرە ئەرمەنەکاندا دابەشیان دەکرد، بەبێ ئەوەی کوردەکانیش لەبیر بکەن)).

ئێمە ئەم چەند دێرەی خوارەوە لە نامیلکەیەک ڕادەگوێزینەوە کە ساڵی ١٩١٥ بە ناوی (جۆرجیا و جەنگی ئێستا*)وە بڵاو

* *La Géorgue et la guerre actuelle*

کراوەتەوەو ئاشکرا هاوپشتیی نێوان ڕووسیا و کۆمیتە ئەرمەنەکان بە درۆ دەخاتەوە:

(( هەرچەندە کەمێك سەختە چوارەم توخمی سەرەکیی قەوقاز، کە ئەرمەنەکانە، تەواو بە ڕاشکاوی باسیان بکرێ، چونکە ڕاستییەك کە ڕێگە بەوە بدات بێپەردە باسی ئەوان بکرێ، ئەوا لە چاپەمەنی و بیروڕای گشتیی خۆیاندا هەمیشە وەکوو خۆنیشاندانێکی دژە ئەرمەنی باسی دەکەن. ئەوە ڕاستە کە ئەرمەنەکان بە درێژاییی هەموو مێژووی خۆیان ئەوەتی سەربەخۆییی سیاسیی خۆیان لەدەست داوە، تالاوی زۆری بندەستەیی بێگانەیان چەشتووە. ئەوە ڕاستە کە ڕژێمی عەبدولحەمید بەلایەکی خوا بوو بۆ ئەم نەتەوە بەدبەختە. ئەوە ڕاستە کە ئەرمەنەکان ناچار کراون برێك جار یاری لەگەڵ سیاسەتی دوانەی ڕووسیخواز و تورکیخوازدا بکەن، بەو جۆرەوا لە ڕووسیا و تورکیا هەن. دواجار ئەوەش ڕاستە کە گەلی ئەرمەن گەلێکی کارگەر، بازرگانن و لە زۆر بارانەوە وریا و زیرەکن، هاوسۆزی و ڕێزگرتنی ئێمە بۆ ئەو گەلە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، -بەڵام ئەمە تەنها دیوێکی ڕاستییەکەیە و ئەوەندەی هەمووی نییە، وەختێك مەبەست لەوە بریتی بێ لە ڕەچاوکردنی ئەو ڕۆڵەی کە گەلێك لە ژیانی وڵاتێکی گەورەی وەك قەوقازدا دەیگێڕێ ، لە بڕیاردانی چارەنووسیدا، لە بڕیاردانی دواڕۆژی خۆیدا، لەم حاڵەتەدا دەبێ هەموو ڕاستییەکە بگوترێ، ئەوەیان دیوە خراپەکەیە. ئەرمەنەکانی قەوقاز کە ژمارەیان بە حاستەم دەگاتە نزیکەی ملیۆنێك کەس، دانیشتوانێکی یەکگرتوو لەسەر خاکێکی تەواو پێناسەکراو پێك ناهێنن ، بەڵکوو بەناو تەواوی قەوقازدا پەرت و بڵاو بوونەتەوە.

زۆرینەی دانیشتوانی جووتیار لە سایەی حکوومەتی ڕووسدا لە هەرێمێکی جەڤاختیی جۆرجیدا ئەرمەنەکانن، کە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ئەو کۆلۆنییە ئەرمەنیانەی لە جۆرجیا چاندووە بەرامبەر بەو خزمەتانەی وا ئەرمەنەکان لەکاتی جەنگەکانی دژی تورکیادا کردوویانە. پاشماوەی ئەرمەنەکان لەگەڵ دانیشتوانی تەتەردا تێکەڵن و لە هیچ شوێنێك، هەتا لە کۆنە هەرێمی نیشتمانەکەشیاندا، زۆرینەی ڕەها پێك ناهێنن، بە نموونە وەکوو لە حکوومەتی یەریڤاندا، زۆر کەم لە دانیشتوانە موسڵمانەکان زیاتر دەبن. لە هەموو لایەکی قەوقاز، ئەرمەنەکان بە بەراورد لەگەڵ هاوسێکانیاندا کەمینەیەك پێك دەهێنن.

ئەوە ڕاستە کە ئەرمەنەکان لەناو چەند شار و هەتا لە تفلیسیش گەلێك زۆرن، بەڵام ڕۆڵیان – بە نموونە– لەوەی جوولەکەکانی پۆڵۆنیا، وارشۆ دەچێ. ڕەوشی ژیانیان لە قەوقاز کە بە گشتی حەز ناکەن قسەی لەوبارەیەوە بکرێ، ڕێگەیان پێنادات هیوای ئەوە بخوازرێ نەك قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ، هەتا ئۆتۆنۆمییەکی هەرێمایەتیشی لێوە دروست ببێ. ئەمەش وایان لێ دەکات ئیرەیی بە گەلانی قەوقاز ببەن، بە تایبەت جۆرجیەکان، کە لە ڕەوشێکدان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن. سەرباری ئەوەی ئەرمەنەکان سەرمایەی بازرگانی و سووخۆرییان لەبن دەستە، کە بەو هۆیەوە لە هەر کوێیەك بن، چ لە ئاوایی و چ لە شار، بە شێوەیەکی دڵڕەقانە دانیشتوانە قەوقازیەکان دەچەوسێننەوە. سەرمایەی گەورە پیشەسازیەکانی قەوقاز هەر تەنها هی ئەرمەنەکان نین، بەڵکوو زۆرینەی زۆری بەشی ئەم سەرمایانە موڵکی ئەوروپاییەکانە.

ئەرمەنی شارەکانی قەوقاز، جۆری بازرگان یا سووخۆرن، ئەمە واتەی وایە بەلایەکی خودان، بە تایبەت بۆ جووتیارەکان کە بە شێوەیەکی سیستماتیک بەدەستیانەوە چەوساوە و وێران بوون. ئەمە هۆی سەرەکیی ڕق لێ بوونەوەی ئەرمەنەکانە لە قەوقاز. ئەو هاوسۆزییەی کە ئەرمەنەکان بۆ هەمیشە بەرامبەر بە حکوومەتی ڕووسیا هەیانە، هێشتا زیاتر بێئیعتیباری کردوون.

لەبەر کەمیی خاکێك کە دانیشتوانە نیشتمانیەکەی یەکگرتوو بن، ئەرمەنەکان ناتوانن هیوای سەربەخۆیی‌یەکی هەرێمی بخوازن و هەر تەنها بەوەندە دەستبەردار دەبن لەلایەکەوە بەو ئیمتیازە بچووکانە قایل بن کە ڕووسەکان پێیان بەخشیون (بەمشێوەیە –بە نموونە– وەختێك ڕووسەکان ساڵی ١٩٠٤ بەزۆر دەستیان بەسەر موڵك و سامانی کڵێسەی ئەرمەنەکاندا گرت، دوای ناڕەزاییی گەل و قەشە ئەرمەنەکان، حکوومەتی ڕووسیا بۆی گەڕاندنەوە)، لەولای دیکەشەوە ئەرمەنەکان هەمیشە لە دژی خواستەکانی سەربەخۆییی گەلانی دیکە بوون، بە تایبەت جۆرجیەکان، ڕژێمی ڕووسیایان بەلاوە پەسندتر بووە کە ڕێگەی پێ‌دەدان بە شێوەیەکی چاوچنۆکانە دانیشتوان بچەوسێننەوە لەناو ئەوانەدا کە وەکوو سووخۆر و بازرگان دەچوونە ناویانەوە، وەك لە ڕژێمی ئازادی قەوقازێکی سەربەخۆ کە کۆتاییی بە کاری شوومیان دەهێنێ، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك پێی تێ‌دەنێن، بە تەواوی لەبەر یەکی هەڵدەوەشێننەوە. ئەرمەنەکان هات و هاواریانە لە تەواوی ئەورووپادا کە ئەوان توخمی شارستانیخوازی قەوقازن، ئەمە تەنها داهێنانێکە بۆ خۆی. بازرگان و سووخۆری بێگانە هەرگیز ناتوانن لە ناو هیچ گەلێکدا ڕۆڵی

شارستانیخواز بگێڕن کە، فەرهەنگەکەی بێسنوور لەوەی ئەرمەنەکان لە سەرووترە).

گەلانی قەوقاز ئەوانیش بازرگان و سووخۆری خۆیان هەیە، بەڵام ئەوانەی یەکەم زیاتر ئەوروپین و ژمارەی ئەوانەی دوایی زۆر کەمە. هەرچی سەبارەت بە کرێکارە ئەرمەنەکانی ناو شار و دێهاتەکانە، باری ئابووری و فەرهەنگییان بێسنوور لەخوارترە، بۆ نموونە، وەك لەوەی جۆرجیەکان. هەرچی تایبەتە بە فەرهەنگی نەتەوەییی گشتی، بڵێی هەرگیز بکرێ -بۆ نموونە- ئەدەبیاتی نوێی ئەرمەنی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە دیالێکتێکی قەوقازی نووسراوەتەوە، بەراود بکەین بە ئەدەبیاتی نوێی جۆرجی کە بەرهەمی پەرەئەستاندنی ئۆرگانیی ئەدەبیاتی کۆنە؟ ناتوانین باسی ڕۆڵی شارستانیخوازی ئەرمەنەکان بکەین لە قەوقاز، وەك چۆن ناتوانین باسی ڕۆڵی شارستانیخوازی جوولەکەکان بکەین لە پۆڵۆنیا. سەرباری ئەوە، ئەرمەن هێزێك بووە ڕووسەکان بەکاریان دەهێنا بۆ شەل و گۆت کردنی بزووتنەوەی نیشتیمانیی قەوقاز، هاوپشتیی ئەرمەنەکان لەگەڵ ڕووسەکان مێژووەکەی درێژە. ڕووسەکان هەمیشە ئەرمەنەکانیان دژ بە تورکەکان بەکار هێناوە، بە هەمان شێوە، ئێستە دژ بە جۆرجیەکان و دژ بە قەوقازیەکان بەکاریان دەهێنن.

لەکاتی شۆڕشی ١٩٠٤-١٩٠٥دا، ئەرمەنەکان بەشداریان لە جووڵانەوەکەدا نەکرد، کەچی بە تەواوی جیهانی ڕادەگەیەنن کە ئەوان ڕابەری سەرلەبەری شۆڕشەکە بوون. لە هەمان کاتدا دەیانەوێ هاوپشت بن لەگەڵ جۆرجیەکان و ئالیکارییەکانیان بە پەلاماری شکۆمەندی چەتە چەکدارەکانیان لە شەقامەکانی تفلیس و باکۆ

دەستبەردار بکەن. ڕووسەکان ئاگری قەتڵوعامێکی ئەرمەنی- تەتەرییان لە باکۆدا خۆش کرد، لە ئەلیسابیسپۆل، لە تفلیس، ئەوە ڕاستە کە ئەرمەنەکان لەم شەری براکوژیەدا بەرچاو بوون، کەچی عادەتیان وایە ئەوەی لەم قەتڵوعامەدا تێدا بچێ پێی بڵێن شۆڕش، بەڵام ئەم شتانە فڕیان بەسەر شۆڕشەوە نییە و قەتڵوعامەکە لە تفلیس، لە سایەی دەخالەتی شۆڕشگێڕە جۆرجیەکاندا ڕاگیرا. دواتریش وەختێك تەواوی پارتە شۆڕشگێڕە جۆرجیەکان بڕیاریان دا کە دەبێ کاری شۆڕشگێڕی دژی حکوومەت بەردەوام ببێ، پارتی ئەرمەنی خیانەتی لەو پارتانە کرد کە کۆ بووبوونەوە و ڕایگەیاند ئەوان لە ڕووسیا بواری ڕەفتارکردنیان نەبوە. کەچی ئەمیان پارتێکە لە هەموو لایەك بە خۆی دەڵێ سۆسیالیست- لە جۆرجیا، لە ڕووسیا هەتا لە ئەوروپاش- کە لەسەر بنەماکان مامەڵە لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی ڕووسی و هی دیکە لەسەر داڕشتنی پرۆگرامی هاوبەش دەکات.

خۆشبەختانە هەموو ئەم پارتانە دواجار تێگەیشتن کە هەموو سۆسیالیزمی ئەرمەنی هەر تەنها یارییەکە و زۆر دڵگیر نییە، ئیدی ئێستە هیچ کەسێك ددان بەم پارتی ئەرمەنیە (داشناك)دا نانێ وەکوو سۆسیالیست، ئەوان تەنانەت خۆشیان وازیان لەوە هێناوە بەم شێوەیە ناو بنرێن. بەکورتی، لەبەر ڕەوشی تایبەتی ئابوورییان لە قەوقاز و خۆپەرستیی نەتەوەییش هەرگیز ڕێیان پێنادات ددان بە مافی سیاسیی دیکەدا بنێن. ئەرمەنەکان لەبەر هاوپەیمانییان لەگەڵ ئیمپریالیزمی ڕووسدا لە قەوقاز لای قەوقازەکان ناپەسند بوون. لەم شەڕەدا جارێکی دیکە خیانەتیان لێ کردن، کەچی دوای ئازادکردنی

قەوقاز، وێڕای خیانەتیان، هەر لێرە مانەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لە بەڕێوەبردنی سیاسیی وڵاتدا بگێڕن)).

ڕووسیا لە واقیعدا هێندە دڵنیا بوو لەوەی کە بیانووی ویستراوی بەدەست دەکەوێ، تا جورئەتی ئەوەی کرد سەرنجی ئەوروپاییەکان بۆ ئەو پشێوییە ڕابکێشێ کە -وەك ڕووسیا دەڵێ- لەسەر تەقینەوە بووە لە کوردستان. حکوومەتی ڕووس لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩١٣دا یادداشتنامەیەکی پێشکەش بە حکوومەتەکانی ئەڵمانیا، نەمسا- هەنگاریا و ئیتالیا کرد، کە تێیدا هاتووە: ((دواین هەواڵەکان تەنها ئەو تێبینییە دووپات دەکەنەوە کە دەتوانرێ بەم زوانە کردەی مەینەتباری زۆر لەلایەن کوردەکانەوە ببیستین.

ڕاستیەکەی ئەو کردە مەینەتبارە زۆرانەی کە ڕووسیا بەم شێوەیە ڕایان دەگەیاند، هەرگیز ڕوویان نەدا، بەڵام ئەمە لە سایەی کۆششی ڕووسیاوە نەبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ساڵی ١٨٩٥ حکوومەتی سوڵتان عەبدولحەمید کە تا ئەوکاتە ڕێگەی لە ئەرمەنەکان گرتبوو وڵات بەجێ بهێڵن، ڕێگەی پێدان کۆچ بکەن، بە ئاواتی ئەوەوە کە دواجار دەتوانن بە هاونیشتمانە ڕووسیەکانیان شاد ببنەوە، بەم شێوەیە لە دەست نیری عوسمانی ڕزگاریان دەبێ و دواجار تامی بەخشندەییی ڕووس دەکەن، بە کۆمەڵ ڕەویان کرد و لە باکۆ، تفلیس و شارەکانی دیکە کە بە بەشێکی ئەرمەنستانی کۆنیان دادەنا، جێگیر بوون، بەڵام ڕووسیا هەرگیز بە چاوێکی باش پێشوازیی لەم ڕەوەی گەلێك نەکرد کە ڕۆحی یاخیبوونیان تێدا ڕووابوو، هەر بۆ ئەوەی ڕادەیەکیان بۆ دابنێ، نەك هەر سەختگیرانە مامەڵەی لەگەڵدا کردن، بەڵکوو دڵنیاش

بوو له لێنەپرسینەوە لەبەردەم ئەوروپادا، بە هاوشاریەکانی قەتڵوعامی کردن. ئەشکەنجەدراو لە ڕووسیا، ترساو لەوەی بگەڕێنەوە تورکیا کە حکوومەت زیاد لەوە ناهومێدی کردبوون، ئاوارە ئەرمەنەکان بە ئەوروپادا پەرت و بڵاو بوونەوە و هەر کات دەستووری تورکیا جاڕ درا بە هەلەداوان گەڕانەوە بۆ شوێن و حاڵی کۆنیان. بێگومان جووتیارە ئەرمەنەکان بەشێکی زەویوزارەکانیان بە کوردەکان فرۆشتبوو و ئەوی دیکەش کە بەجێ هێڵرابوو بۆ ماوەی زێتر لە سێ ساڵ، بەگوێرەی یاسای تورك دەبوون بە موڵکی دەوڵەت کە فرۆشتبوویە کوردەکان.

ڕووسیا لێرەدا بینیی هەلێکی نوێ هاتووەتە پێش بۆ خۆشکردنی ئاگری ناکۆکیی نێوان کورد و ئەرمەن و بێباکانە لەنوێوە وەکوو پارێزەری ئەرمەنەکان خۆی هێنایە پێشەوە و شەرم لەوە دای نەگرت داوای ئەو زەویوزارانە بکاتەوە کە پێیان دەڵێن زەوییە زەوتکراوەکان.

٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٢ بەڕێز گییێر*، باڵوێزی ڕووسیا لە کۆنستانتینۆپل لە برووسکەیەکدا بۆ بەڕێز سازانۆڤ دەڵێ: پرسی موڵکداریی زەویوزار بووەتە پرسێکی تا دێ ئاڵۆزتر دەبێ و بەشی گەورەی زەویوزارەکان لە لایەن کوردەکان زەوت کراون و ئەوە دەرئەنجام دەکات کە: ((بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕەوشە پاشاگەردانییەی کە تورکیا تێی کەوتووە، دەبێ حسێبی ئەوە بکرێ کە ئەگەری ئەوە هەیە ڕیفۆرمەکان ئارامی چاوەڕوانکراویان لێ شین نەبێ و خۆئامادەکردن بۆ پێویستیی هاتنە ناوەوەی هێزەکانی ئێمە بۆ ئەو ناوچانە هەبێ)).

---

* Monsieur Giers

بەڕێز گییێر بە دروستی دەزانێ ئەم زەویوزارانە لەلایەن کوردەکانەوە کرِدراون، چونکە مانگی نیسانی ١٩١٣، کونسوڵی ڕووس لە بدلیس، شێخ محەمەد ئەمینی بەوە فریو دابوو کە ئەم زەوییە لە ساڵی ١٨٨٥-ەوە لەلایەن کوردەکانەوە کرِدراوانە، بابی عالی لە بن چنگیانی دەهێنێتە دەر بۆ ئەوەی بدرێتەوە بە ئەرمەنەکان کە -وەك ئەو دەیڵێ- بە سکاڵاکردنیان لای ئینگلستان ئەوەیان بەدی هێناوە کە دەوڵەتە بە قازانجی ئەوان بێتە ناوەوە.

کە ئەمە پشێویی لێ نەکەوتەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە بوو کە -بە تایبەتی- بابیعالی کاتێك لە هەنگاوهەڵگرتنەکانی ڕووسیا ئاگادار کرابووەوە، ئامادەیی وەرگرت بەوەی وا هێزێکی زۆری ژاندرمە لە بدلیس مۆڵ بدات و هەر کەسێك لەم کاروبارە تێوە گلابوو، بەدەر لە شێخ محەمەد کە پەنای بردبووە بەر کونسوڵخانەی ڕووسی، دەستگیری بکات.

کونسوڵی ڕووسیا، لە چاوەڕوانیدا، ئەوەندە لە سەرکەوتنی مانۆرەکانی دڵنیابوو، لە برووسکەیەکدا بۆ بەڕێز گییێر بە مێژووی ١ی نیسان نووسیویە: ئەوە ڕادەگەیەنێ کە کوردەکان ئەرمەنەکانیان قەتڵوعام کردووە، لەکاتێکدا وڵات ئارامیی خۆی پاراستبوو. لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا، ڕووسیا هەوڵی دا بابی عالی ناچار بکات ئەو ڕیفۆرمانە قەبووڵ بکات کە داوای کردوون، هیچ شتێکی دیکە نەبوون جگە لە جیاکردنەوەی شەش ویلایەتەکەی کوردستان و کردنی بە یەك هەرێمی سەربەخۆ لە سایەی فەرمانداریکی گشتیی ئەورووپیدا. یەکێك لە بەندەکانی ئەم ڕیفۆرمە پێشنیارکراوە ئەوە بوو، ئەو زەویوزارانەی کە وەك دەڵێن کوردەکان زەوتیان کردوون،

بگەڕێندرێنەوە بۆ ئەرمەنەکان. ڕووسیا دڵنیا بوو کە ئەم پڕۆژە نوێیە ئەو پشێوییە ویستراوە دروست دەکات و بەم شێوەیە بیانووی ویستراو بەدەستەوە دەدات بۆ گرێدانی سووك و سانای کوردستان.

بەڵام بابی عالی ئەوەی ڕەت کردەوە کە ئەم ڕیفۆرمانە قەبووڵ بکات و ڕووسیا بینیی هێزە گەورەکان وا پێناچێ ئامادەبن بۆ ناچارکردنی بابی عالی، جارێکی دیکە لەنوێوە ویستی ئەو پیشێوییەی کە ڕایگەیاندبوو دەیورووژێنێ، بە دەنگی بەرز جاڕی بۆ دا. تەمووزی ١٩١٣، کاربەدەستێکی ئاشووبگەرای ڕووس، کە کوردێك بوو، دووبارە لە وان بە دیارکەوتەوە، بەڵام کوردەکان ئاگاداریان کردەوە کە ئەمەی ئەو دەیکات، دواجار بە دژی ئەوان کۆتاییی دێ، ئەوەندە خراپ پێشوازییان لێ کرد، ناچار بەبێ ئەوەی بتوانێ زیاتر بۆ ناو وڵات هەڵبکشێ، بۆی دەرچوو.

ڕووسیا، لە بەرامبەر ئەم شکستەدا، بە چاکی زانی لەسەر پرۆژەیەك لەگەڵ دەوڵەتە گەورە هێزە ناوەندەکاندا[١٣] ڕێك بکەوێ کە ئەم پرۆژەیە قەبووڵ بکرێ. جگە لەوە ڕووسیا زۆر چاك دەیزانی هەتا پرسەکە بە تەواوی بە گوێرەی مافی دادپەروەرانە چارەسەر نەکرێ، واتە بەو شێوەیەی کە لە بریتی قەرەبووکردنەوەی ئەو زەویوزارانەی فرۆشراونەتە کوردەکان، زەویوزاری حکوومەتی بە ئەرمەنەکان نەدرێ، ئەوا پێشێوی هەمیشە ئامادەیە بۆ تەقینەوە.

[١٣] هێزە ناوەندەکان: ئەو وڵاتانە بوون کە دژی هاوپەیمانەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا چوونە جەنگەوە، بە تایبەتیش هەردوو دەوڵەتی بەهێزی ئەڵمانیا و ئوتریش- هەنگاریا- وەرگێر.

بەم شێوەیە ڕووسیا ڕازی بوو دوو موفەتیشی گشتی بە دەسەڵاتی تەواوە ڕەوانە بکات. ئەم موفەتیشانە کە زمانی کوردییان نەدەزانی، بە هاوەڵیی وەرگێڕە ئەرمەنەکان بەتایبەتی ئەو بیرۆکەیەیان بڵاو دەکردەوە کە ئەوان لەلایەن ئەوروپاوە نێردراون بۆ جەنگی خاچپەرستانە، بۆ ئازادکردنی مەسیحیەکان لە چنگی نەتەوەیەکی فەناتیك و وەحشی کە، هیچ چارەسەرێك نادۆزنەوە جگە لە ڕاونانی کوردەکان لەسەر زەویەکانیان و دانەوەیان بە ئەرمەنەکان. ئەوان بە هیچ شێوەیەك لە کاریگەریی بێدادییەکی ئاوها بۆ سەر هەستی موسڵمان تێنەگەیشتن، چونکە ئەوان لەوە بێئاگا بوون کە ئەم زەویانە نرخەکانیان دراوە و پێیان وابوو بە بەم شێوە ڕەفتارکردنەیان کردەیەکی دادپەروەرانە ئەنجام دەدەن.

یەکێك لە ئەندامەکانی کۆمیتەی ئێمە چوو، لە ماوەی مانەوەیان لە کۆنستانتینۆپل سەری لێ دان، حەزی کرد چەند ئامانجێکیان لەسەر کوردستان بداتێ، بەڵام بێهوودە بوو. ئەوان وەڵامیان دابووەوە کە ئەوان یەك بار کتێبیان لەسەر وڵات هەیە لێی دەکۆڵنەوە، هەرچەندە هاوکارەکەمان سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشابوون کە نووسەرانی کتێبە ئەوروپاییەکان لەسەر کوردستان زمانی وڵاتیان نەزانیوە و تەنها ماوەیەکی کورت لە وڵات ماونەتەوە و هەر چەند چاوپێداخشانێکی لاواز لەبارەی کێشەی وڵاتەوە بەدەستەوە دەدەن کە ناتوانرێ هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بیروڕا چەسپاوەکان ببێ.

ڕووسیا، وەختێك کە جەنگی جیهانی هەڵگیرسا و وچانێکی بچووکی بە نەتەوەی کورد بەخشی، لەسەر ئەوە بوو بەو ئامانجەی بگات کە ماوەیەکی درێژ بوو خەونی پێوە دەبینی و ئەوەندە بە

بنکەی ژین www.zheen.org

حەوسەڵەوە بە شوێنیدا دەچوو. هیچ شتێکی سەیروسەمەرە نییە کە کوردەکانی خۆیان بەگەڵ تورکەکان بدەن بۆ شەڕکردن دژ بەو وڵاتەی وا ماوەیەکی ئەوەندە درێژ بوو دەیچەوساندنەوە و لەبەر زۆریی بوختانە هەڵبەستراوەکانی ڕووسیا توانیی ڕقی زۆری سەرلەبەری جیهان دژ بە کوردەکان مسۆگەر بکات. ئێمە هەوڵ دەدەین کەمێك ڕاستی و چەوتیی ئەم تۆمەتبارکردنانە لەیەك جیا بکەینەوە.

هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆکن کە ساڵی ١٨٧٧-١٨٧٨، ئەوکاتەی ڕووسیا لە ماددەی ١٦ی پەیماننامەی سان ستێفانۆدا، ئەو مەرجەی تێ خست کە بابی عالیی ناچار کرد بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئەرمەنەکان دژ بە کوردەکان و لە حالێکدا ئەمانەی دوایی [کوردەکان-و] لەگەڵ ئەرمەنەکاندا لە پێوەندییەکی بەردەوامدا بوون تا ساڵی ١٨٩٣-١٨٩٤، وەك ئینسیکلۆپیدیای بریتانیکا کە لە پێشەوەدا باسمان کرد ئاماژەی پێکردووە، ئەرمەنەکان بڕیاریان دا بە ئامانجەکانیان بگەن بەوەی وا ئاژاوەگەلێك بنێنەوە وەك ئەوەی بوو بە سۆنگەی لەدایکبوونی دەوڵەتەکانی باڵقان.

بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەوەیان لەبەرچاو نەگرتبوو، ئەگەر ئەو پێشێویانەی کە لە باڵقان سەر کەوتن، ئەوە بە تایبەتی دەگەڕایەوە بۆ بوونی زۆرینەیەکی ڕەهای نەتەوە شۆڕشگێڕەکان لەم وڵاتانەدا و جێبەجێکردنی هەمان سیستەم لە لایەن ئەرمەنەکانەوە تەنها یۆتۆپیایەك بوو بۆ خۆی لە وڵاتێکدا کە کەمینەیەکی بچووك گەوجی دەکات ئەگەر دژ بە زۆرینەیەکی ڕەها یاخی ببێ. هەمان وتار ئەوە دەنووسێ کە ئەرمەنەکان هێرشیان دەکردە سەر کەسەکان و نامەگەلی هەڕەشەئامێزیان دەنووسی، هتد.

ئێمە ئەوە زیاد دەکەین کە ئەرمەنەکانی قەوقاز، واتە ڕەعیەتەکانی ڕووس، لە بەهاری ١٨٩٣ پەلاماری تاسوون و تالووری یان دا و سەدان کوردیان سەر بڕی. ئەمە تەنها ئەو کاتە بوو کە کوردەکان لە نیازی ئەرمەنەکان گەیشتن، ئایا سەیر نییە کە ئەم نەتەوەیە ئاوا خۆی ببینێتەوە خیانەت لەگەڵ ئەوانە دا بکات کە وەکوو برای کلۆڵ حسێبی دەکردن، کوردیش وەڵامی تۆڵەسەندنەوەی خۆی دایە و لە شوێنی خۆیەوە دەستی کرد بە سەربڕینیان.

لەم ماوەیەدا حاکمی گشتی وان، بەحری پاشا لە تەرابزۆندە لە لایەن ئەرمەنییەکان پەلامار درا، وەختایەك لە سۆنگەی پێشوییەکان لەسەر کار خرا و گەڕایەوە ئەستەموولّ، والی نویّ، عالی بەگ بە هیچ شێوەیەك لە والی پێشوو چاکتر نەبوو و بەدەستی کۆمیتە ئەرمەنییەکان کوژرا بەر لەوەی بگاتە شوێنەی کارەکەی. ئەو والییەی کە جێگەی گرتەوە بڕیارێکی توندی وەرگرت بۆ پاراستنی ژیانی خۆی. چواردەوری بە لەشکر تەنرابوو. لەوە بەدوا لە وان دا کوردەکان هیچی تر لە گێڕانەوەی شایەدحاڵەکاندا ناویان نەهاتووە.

لە دیاربەکر، لە تشرینی یەکەمی ١٨٩٥، ئەرمەنییەکان پەلاماری کوردەکان دەدەن لە مزگەوت و چل کەسێکیان لیّ بەر گوللە دەدەن. کوردەکان دەستدەکەنەوە و ئەرمەنەکان ڕایدەگەیەنن کە کوردەکان قەتلّ و عامی ئەرمەنەکانیان کردووە بە بیّ ئەوەی هیچ پاساوهێنانەوەیەکیان پیّ بیّ و وەك هەمیشەش باوەڕیان پێکرا. ڕوونکردنەوەکانی بابیعالی بە گومانەوە وەرگیران و کوردەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا بە سەرزەنشت مەحکووم کران. کەچی

**وەختایەك سەربازگەلی عوسمانی ویستیان بچنە ناو ماردین بۆ قەڵاچۆکردنی ئەرمەنییەکان، ئەوە دەروێش ئاغا بوو، کە کوردە و سەرۆکی هۆزی داشی بوو کە هات بەرەنگاری دەروازەکانی شاری کرد و ئەرمەنیەکانی رزگار کرد و بۆ ئەم کارەیشی ویسامی شەرەفیی فەرەنسیی وەرگرت. ئەرمەنییەکانی ئاوایی گوتلی* لە لایەن کوردێکەوە، غازی ئاغای سەرۆکی گورسەکان** ڕزگارکران و کوردێکی دیکە نەوەی پاشازادەکانی بدلیس و سەرۆکی هەزرۆ، سەیفەددین پاشا، کە دواتر لە لایەن ئیتتیحاد و تەرەققیی کوژرا، لە لای خۆیەوە ٣٠٠ خێزانی ئەرمەنی داڵدەدابوو.**

**دواجار ئێمە لە بەرامبەر تەواوی جیهان داکۆکی دەکەین، کە کوردەکان بە هیچ شێوەیەك ئەرمەنییەکانیان قەتڵو عام نەکردووە، تەنها بە مەبەستی بەرگری، بە چەکەوە لە دژی ئەرمەنەکان داکۆکیان لە خۆیان کردووە.**

**ئەنسیکلۆپیدیای گەورەی فرەنسی کاتێك باسی داب و نەریتی کورد دەکات لە ناوایاندا دەنووسێ کە کورد بە بێ ئاتەج کەس ناکوژن، ئێمە ئەوەش زێدە دەکەیەن کە هەتا لە لایەن نووسەری هەرە لایەنگیر (بەمەرجێك ڕووس نەبێ)، ناوهێنانی کوردەکان لە پیادەکردنی کاری زۆلم و ستەمکاری زۆر بەدەگمەن دەبینرێ و کە وا پێدەچێ هەر تەنها بۆ ئاسوودەبوونی ویژدان بێت.**

**لە سەرێکی دیکەوە، قەتڵوعامی ئەرمەنەکان ئەو هێندە زیادەڕۆیی تێداکراوە کە ئێستە بە نزیکەیی وەکو مەحال وایە. لەبارەی بانگاشەی ناکۆکییەکانی کوردی– ئەرمەنی، ئێمە دەڵێین کە**

---

* Geutli
** Gourses

له هەموو وڵاتێكی بێگانەدا، ئەرمەنییەك یارمەتیەكی هەرچیەكی ویستبێ، یەكەمجار چووە لە كوردێكی داوا كردووە كە دۆزیبێتەوە، دوكانە ئەرمەنییەكان، بە تایبەتیی لە لایەن كورد و توركەكان هامشۆ كراون و لە هەموو كۆبوونەوەیەكی ئەوروپی دا كە كورد و ئەرمەن تێیدا بە یەك دەگەن دەبینین لە پێوەندییەكان بەرفراوانە بەتینەكانیاندا، كۆمیونیتەیەكی دۆستانە هەیە كە ئەوە تەنها بەسە بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنین كە كاری وحشیگەرانەی كورد دژ بە ئەرمەنەكان تەواو هەڵبەستراون.

ئێمە هەوڵمان داوە بە ئاشكرا لەم نامیلكەیەدا داخوازییەكانی كورد و ئەو هۆكارانە بخەینە ڕوو كە كوردەكان پشتی پێوە دەبەستن كە بە كورتی ئەمانەن: یەكەمیان پێشقەرەوڵی خاوەندارێتی و یەكەمینایەتی نەتەویی. ئێمە هەروەها هەوڵمان دا ئەوە بسەلمێنین كە ئەو پشێویانەی كە وڵاتی بەدبەختی ئێمەی وێران كردووە لە سۆنگەی كوردەكان نەبووە، بەڵكوو لە سۆنگەی دەسیسەی ڕووسیا بووە كە بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەكانی خۆی سڵی لەو نەكردۆتەوە كە ئاگری ناكۆكی لە نێوان هەردوو نەتەوە هەڵبكات كە لەوەتای چەندین سەدەبوو هەر پێكەوە بە برایەتی ژیا بوون. ئێمە هیوادارین كە بتوانین داكۆكی لەپرسی خۆمان بكەین لەبەرامبەر كۆنفرەنسی ئاشتی، چونكە ڕەوشی ئێمە هەمیشە ناسك بووە و هیچ كاتیش وەك ئەو كاتانەی ئێستە نەبووە كە دواجار هێزە گەورەكان كێشە هەڵپەسراوەكان چارەسەر دەكەن.

ئێمە لەو تەرەفدارییە غافڵگیر نین كە دژی ئێمە دەكرێ و بوختانە ڤێزونانەی كە هەستێكی وەحشەتناكی لەنا و هەموو دڵێكدا

هۆشیار کردۆتەوە، لە بەرامبەر ئێمەدا نەناسراو نین و ئێمە ئەوەش دەزانین کە کات کە پێمان بەخشراوە زۆر کورتە بۆ بەرپەچدانەوەی هەمووتۆمەتەکان، کەچی ئێمە پشت بەو مافانە دەبەستین کە هەموو نەتەوەیەك مافی ژیانی هەیە و دەڵێین ناکرێ تەنها بە نووکە قەڵەمێك لەناو ببرێ بە بێ ئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژ بیری لێ بکرێتەوە. هەمان هێزە گەورەکان کە پۆلۆنیایان مەحکوم بە ئەسارەتی کرد، کۆمەگی لە دایکبوونی یۆنان، سێربیا، مۆنتینیگرۆ یان کرد دوای ئیمزانامەی هاوپەیمانی پیرۆز کە چەپڵەیان بۆ کۆماری نوێ یۆگسلاڤیا لێدا، هەر ئەوانیش هەوڵدەدەن نەتەوەی کورد بخنکێنن.

ئەگەر لەسەر مێزی کۆنفرەنسی ئاشتی، بە گوێرەی سەرۆك ویلسن، بێ لایەنیی ببێتە سەردار و میراتی کوردەکان بە ئەرمەنەکان ببەخشن، چۆن بتوانین هیوا بۆ دواڕۆژ بخوازین؟ چۆن لە بەرامبەر ئەم بێدادییە ئاشکرایەدا، نەتەوە موسڵمانەکان بتوانن بۆ خۆیان بە سەردەمێکی زیاتر لیبرال بگەن؟ چۆن باوەڕ بەوە بکرێ کە ئیدی زەمەنی خاچپەرستەکان بەسەر چووە؟

ئایا لەمەدا زیاتر بەڵگەیەك نییە کە ئەورووپا هەمیشە دوو میزانی هەبووە، یەکێکیان بۆ باوەڕی تایبەتی خۆیی و دووەمیشیان بۆ ئەو پیاوانەی جورئەت دەکەن هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن. ئەگەر بەڕاستی بەم شێوەیە بێت و وەئەگەر ئەورووپا هێشتا بەهرە لە فەناتیزمی ئایینی وەربگرێ کە بە بێ سڵکردنەوە کوردستان ببەخشێتە ئەرمەنەکان، ئەمە بڕیارنامەی مردنی پێنج ملیۆن موسڵمانە کە ئیمزای دەکات.

ئێمە، کوردەکان ئیلهام لە وتەکانی سەرۆك ویلسن وەردەگرین بەوەی کە ماف شتێکە پڕبەهادار ترە لە ئاشتی، ئێمە بە هێمنی ئەو ئەنجامانەی کە ئەوروپا بەشوێنییەوە دەچێ هەڵسەنگاندووە، ئەگەر ئێمە ڕەتمان کردەوە ئەم حوکمدانە قەزاییە قەبووڵ بکەین و ئێمە بینیمان کە لەناو خەباتێکی ئاوها نا یەکسان دا ئێمە ناتوانین هیوای سەرکەوتن بخوازین. وێڕای ئەمە ئێمە سوێندمان خواردووە بەوەی داکۆکی لە نیشتیمانە خۆشەویستەکەمان بکەین، لەسەر شێوەی باو و باپیرە شکۆمەندەکانمان کە تاوەکوو مەرگی دوایین کورد، بەوەی بەدەستی خۆمان ژن و منداڵەکانی خۆمان بکوژین بۆ ئەوەی لە دەست کۆیلەگەری یان ڕزگار بکەین و لێبگەڕێن بۆ حوکم لەسەردانی نەوەکانی دواتر لەسەر ئەوەی کە ئێمە شایستەی ئەو چارەنووسەین کە فروفیشاڵی ئەرمەنییەکان و سوپای تاریکستانی دەسیسەکارە سیاسییەکان بۆ ئێمەیان ناوەتەوە.

ئێمە بانگەوازێکی جوامێرانە ئاراستەی نەتەوە ئەوروپاییەکان دەکەین بۆ ئەوەی ڕێگە لەم کارەساتە بگرن. ئێمە داوایان لێدەکەین دەرفەتێکمان پێبدەن، سەربەخۆیی خۆمان بدەنێ و ببینن داخۆ ئێمە نیشانی دەدەین کە شایستەین. بە هیچ شێوەیەك مەحکوومان نەکەن بەوەی بندەستەی ژێر نیر، ئێمە هێشتا نەمانتوانییوە ئەوە نیشان بدەین کە ئێمە بە توانایین. با لە کار دا بمانبینن و ئەگەر لە ماوەیەکی شیاو دا بینرا کە ئێمە لە هەموو پێشکەوتنێك یاخیین، ئەوکاتە دەکرێ مەحکوومان بکەن بە جۆرێك لە دادپەروەری.

ئێمە لە پیاوە سیاسییە ئەوروپییەکان تکا دەکەین، ئەوانەی کە لە ڕەوشێکدان دەزانن کە ئێمە هیچ شتێکمان لێرەدا باس نەکردووە کە

ئەگەر لەسەر بنەمای ڕاستی ڕۆنەنرابێ، دەڵێین ئەگەر ئەم بەڵگەنامەیەی بەدەستیان راستی و دروستی تاوانباریکردنەکانمان دووپات ناکاتەوە و ئەگەر کورد بەڕاستی تا ئەو ڕادیە تاوانبارن کە کە ویستراوە وەسپ یان بکرێ, بەڵام دەبێ ئەوە وەبیرخۆیان بهێننەوە کە ئەوە ئەوانن کە بەرپرسیارن لەبەرامبەر ئەو مێژووەی کە دێت و کە دوای ئەوە بۆ بەرژەوەندی کورتی سیاسیی یان ئامادەن سەرلەبەری نەتەوەیەك بە تەواوی مەحکوم بە لەناوبردن بکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەڵگەنامە:**

**قاهیرە، ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨**

**ژمارە: ٣٢٩**

**(٨١٦٦/٣)**

**بۆ فەخامەتی پایەبەرز جەنابی ئارتەر جەیمز بەلفۆر**[**]

**گەورەم،**

**شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ ئاگاداریی بەڕێزتان، هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، کۆپی بلاوکراوەیەکتان بۆ بنێرم کە لەلایەن "کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد"ەوە لە میسر بەدەستم گەیشتووە، ئاراستەی نوێنەرانی بێگانە لەم وڵاتە کراوە و ناڕەزایی تێدا دژ بە بانگەشەی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردستان دەردەبڕێ و داوای سەربەخۆیی کورد دەکات لە کوردستان کە سنوورەکانی لە حەوتەمین پەرەگرافی ئەم بلاوکراوەیەدا دیاری کراون.**

**من گەیشتنی ئەم دەکۆمێنتە ڕادەگەیەنم.**

**گەورەم،**

**شەرەفی ئەوەم هەیە، لەگەڵ ڕێزلێنانی بەرزم،**

**خزمەتگوزاری ئیرادەتمەند و خزمەتکاری زۆر بچووکتان بم.**



www.zheen.org

** Arthur James Balfour

(کۆپی)

قاهیرە، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨

بۆ جەنابی بەڕێز سیر ڕێگینالّد وینگات،

کۆمیسێری بەرزی خاوەند شکۆی بریتانی لە میسر.

جەنابی بەڕێز،

بیستوپێنج ساڵ دەبێ ئەوروپا بە خۆداپەرموونەوە گوێ لە سەربردەی خەمناکی قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان بەدەستی تورك و کورد و خەباتیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی ئەرمەنستان دەگرێ. لەم ماوەیەدا هیچ دەنگێك بەرز نەبۆوە بۆ گفتووگۆکردن لەسەر ڕاستی و دروستی ئەم بانگەشەیە.

حکوومەتی تورك کە لە هەموان زیاتر ئیهانە کراوە و ئەم پڕوپاگەندەیە دژی ئەو ئاڕاستە کراوە، لە جیاتی ئەوەی بە تووڕەییەوە بەرپەرچی ئەوە بداتەوە، کەچی متەقی لە خۆی بڕیوە. هەڵبەت دۆستانی ئەرمەنی، بە تایبەتیی کوردەکان بەوە تاوانبار دەکەن کەوا ئەکتەری سەرەکی ئاشووبەکە بوون. ئەم نەتەوەیە [نەتەوەی کورد، وەرگێڕ] نەناسراوە و لە ئەوروپا هەر وەکوو وەحشی دڕندە و وەکوو خۆی قەبووڵ کراوە، بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێ ئەزیەتی ئەوە بکێشێ زانیاریی لەسەر وەربگرێ.

لێرەدا ئێمە دەپرسین باشە ئەی بۆچی کوردەکان خۆیان هەوڵیان نەداوە خۆیان پاکانە بۆ خۆیان بکەن. لەم بارەیەوە ئێمە ئەوها وەڵام دەدەینەوە: یەکەم: چونکە کوردەکان بە تەواوی

ئاگاداری ئەوە نین کەوا بەم ڕەشەکوژییە تاوانبار کراون و دووەمیشیان چونکە زۆر سەرقاڵی ناشتنی مردووەکانیان و دووبارە دروستکردنەوەی ئاوایییەکانیانن، بێ ئەوەی کاتی ئەوەیان ببێ داوا بکەن داخۆ بەرپرسیارەتی ئەم کردەوانە دەکەونە ئەستۆی کێ.

ئەم بێدەنگییە درێژخایان و مایەی تێنەگەیشتنە، بوارەکەی بە ئازادی بۆ ئەرمەنییەکان و دۆستەکانیان و ئەوانە هێشتۆتەوە کە ئەمڕۆ ئاوها بەباشی بەکاری بهێنن، وەختایەك جیهان لە پەشێویی جەنگێکی درێژخایەن و وێرانکاردا لە ئەوروپا دەلەرزی، ئەمەی دوایی وا بەدیار دەکەوێ نیازی هەڵگیرسانی ئاگرێکی نوێی هەبێ لە ئاسیا کە جەنگێکی دووەمی ئاوها هێندە درێژ و خوێناوی لێ بکەوێتەوە.

ئێمەی کورد ئەمڕۆ خۆمان لە بەرامبەر ئاڵتەرناتیڤێکی تۆقێنەردا دەبینینەوە و بۆ ڕزگاربوون دەتوانین تەنها پشت بە خۆمان ببەستین و هەروەها دواجار لە مەترسی بێدەنگییەکی زۆر دوورودرێژ تێدەگەین، بۆیە ئێمە بڕیارمان دا لەبەردەم دادگای ئەوروپادا لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێ بین حکوومەتی تورك بەگوێرەی خوو و خدەی خۆمان داکۆکیمان لێ بکات، خۆمان داکۆکی لە پرسی خۆمان بکەین. حکوومەتی تورك لە ڕابووردوودا هێندە ئەرکەکانی خۆی کەم بەجێ هێناوە کە بە ژیریی نازانین لە تەنگژەیەکی مەترسیداری وەك ئەمەدا بڕوای پێبکەین و دواڕۆژی پێنج ملیۆن کوردی بخەینە بەردەست.

ئێمە بۆ خۆمان لەم بانگەوازەدا بۆ بەردەم دادپەروەریی جیهانی پێشنیاری ئەوە دەکەین کەوا پرسی ئەرمەن بکرێتە دوو بەش؛ لە بەشی

یەکەمدا ئێمە باسی شانشینی ئەرمەن و لە بەشی دووەمیشدا هی ڕووداوەکانی ئەم بیست و پێنج ساڵەی دوایی دەکەین، بەڵام پێش هەموو شتێك بۆ ئەوەی تەواو بە ڕوونی لە داواکاریەکانمان بگەن، حەز دەکەین ئەوە لێك بدەینەوە بۆ ئێمە کوردستان کوێیە.

بۆ ئێمە سنوورەکانی کوردستان، بە مانای وردی وشەکە، لە باکوور لە (زیوین)ی سەر سنووری قەوقازەوە و لە ڕۆژئاوا بە ئەرزەڕۆم، ئەرزەنجان، کامیە، عەرەبگیر، بێهەسنی، دیوەرەك؛ لە باشوورەوە حەڕان، بەرزاییەکانی شەنگار، تەلەعەفەر، ئەربیل، کەرکووك، سلێمانی، هەورامان، سنە؛ لە ڕۆژهەڵات ڕەواندوز، باش قەڵا، بازێر قەڵا، واتە سنووری ئێران تا چیای ئارارات دەست پێ دەکات.

ئەم هەرێمانە لە ماوەی دەورانی هەرە تاریکی مێژووەوە بە ناوی جیاجیا و ١٣٠٠ ساڵیش دەبێ بەناوی کوردەکانەوە کوردیان تێدا ژیاوە. کوردەکان دابەشی سەر ٤٦ میرنشین بوون، کە تەواو سەربەخۆ بوون تا ئەو ساتەی بە ئارەزووی خۆیان ملکەچبوونیان بۆ سولتان سەلیمی یەکەم ڕاگەیاند و لە دیاربەکر، دینەوەر، چاری سول، لەر، ئەردەڵان، هەکاری، ئامێدی، گۆرکێل، فینك، حەسەن کێف، چەمشگەزەك، میرداسی ئەگیل، ساسۆن، هێزان، کلیس، شێروان*، جزیرە، گردکان، ئیتاخ، تەرگول، سوێدی، سلێمانی، شاران، تەرگەوەر، قەڵا داود، پڵنگان، بدلیس، شیروان**، غارزان، بوهتان،... دەژیان.

---

* Chérouan
** Chirouan

ئێستە هەوڵ دەدەین شوێنی شانشینی کۆنی ئەرمەنیش دیاری بکەین و لە لێکۆڵینەوەکاندا لەبارەی ئەم باسەوە تەنها ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە نووسەرە ئەوروپاییەکان گوتوویانە و بەو نەخشەیە دەست پێدەکەین کە سترابۆن ٦٠ ساڵ پێش زاین کێشاویە. لەم نەخشەیەدا دەبینین کەوا سنوورەکانی ئەرمەنستان بریتین لە لایەک ڕەگەزی ئالانەکان یا ئەلبانی و سێ لاکەی دیکە بریتین لە زەریای خەزەر، زنجیرە چیای تۆرۆس و ئیبیێرسەکان یاخود جۆرجییەکان.

مۆمسێن* لە مێژووە ڕۆمانییەکەی خۆیدا ئەرمەنستان و وڵاتی کوردان لە نێو سەرچاوەکانی ڕووباری فورات و دەجلەدا دادەنێ و دەڵێ جۆرجییەکان جیایان دەکاتەوە.

ئەنسیکلۆپیدیای نیوتالسی** ئینگلیزی لە لێکدانەوەکانیدا زۆر ئاشکراترە و وا دەقاودەق ئەم چەند وشانە ڕادەگوێزینەوە: ((ئەرمەنستان وڵاتێکە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، لە ڕۆژئاوای زەریای قەزوین، لە باکووری چیایەکانی کوردستان، کە تازە سەربەخۆ بووە؛ ئێستە لە نێوان تورکیا و ڕووسیا و ئێراندا دابەش کراوە و بانێک دەگرێتەوە کە شیوە بەپیت و فەڕەکانی دووکەرتی دەکات کە لەسەر چیای ئارارات دەگاتە ئەوپەڕەکەی)).

ئەمە وا پێدەچێ بە ئاشکرا هەڵکەوتەی شانشینی ئەرمەنی دەستنیشان بکات و ئەوە بسەلمێنێ کە دەبێ داخوازینامەکانیان بە دڵنیاییەوە بەرەو ناو هەرێمە ئاشکرایەکانی خۆیان بێ نەک زەویوزاری کوردەکان. کەچی ئەرمەنییەکان باسی ئەرمەنستانێکی

* Momsen
** Nuttals

لەوە گەورەتر دەکەن کە لە سەردەمی تیگران، ٥٠ ساڵ پێش زایین هەبووە، بەڵام ئەوان ئەوەیان لەبیر چووە ئەوە زێدە بکەن کە ئەو زەوی‌وزارانە لە بنەڕەتدا سەر بە ئیمپراتۆریای ڕۆمانی بوون و هەمووی لە لایەن پۆمپی**یەوە هەر لە دەورانی تیگران خۆیدا دووبارە داگیر کراونەتەوە و لە ئەنجامدا ئەمە نابێ هەقی بەردەوامیان پێ ببەخشێ.

ئەرمەنییەکان و داکۆکیکارەکانیان هەوڵ دەدەن عەدالەتی داخوازییەکانیان بسەلمێنن لەبەر ئەوەی کە چەند هەزار ئەرمەنییێك لە کوردستاندا دەژین. لە وەڵامی ئەمەدا ئێمە هێشتا تەنها ئەوە دەنووسینەوە کە نیوتالس Nuttals نووسیویە: ((دەورانی گەلێك کۆنەوە، ئەرمەنەکان هەمیشە پەڕیوەی وڵاتانی هاوسێیان بوون و لەوێدا وەك جوولەکەکان هەر تەنها خەریکی کاروباری بازرگانی بوون و زۆربەشیان صەڕافن)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

چ ئەوەی کە ئەرمەنەکان بە هەزارانیان ئاوارەی کوردستان بوون و لەوێدا مەیلی بازرگانی بوارێکی بەرفراوانی لەبەردەم ئاوالا بوو و لە ئەنجامی ئەمەدا ئەو کوردە داماوە چەوساوە و کەوڵکراوانە بە دەست ئەوانەوە نیازی ئەوەیان نەبووە بەرپەچیشیان بدەنەوە. هەڵبەت ئەو خاڵەی وا ئێمە دەمانەوێ لێرەدا ئیشارەی پێبدەین ئەوەیە کە سۆنگەی هەر ئەم مەیلە خۆی ئەوە بووە کەوا زۆر کەم لەو ئەرمەنیانەی وا پەڕیوە بووبوون، خۆیان بە کشتوکاڵکارییەوە خەریك کردووە و بەشی زۆریان لەناو شارەکاندا ژیاون. بە هەمان شێوە جووتیارە ئەرمەنەکان، چ لە کوردستان و چ لە تورکیا، هەر کەمینە بوون.

---

** Pompée

لەم بارەیەوە هاوڕێیانی ئەرمەن ئاوا وەڵام دەدەنەوە کە، ئەگەر ژمارەی ئاواییە ئەرمەنییەکان زۆر کەم بووە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئاواییــەکانیان ســووتێنراون و زەویوزارەکانیــشیان لــە لایــەن کوردەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. ئەورووپا هێندە لەمێژە گوێی لەم زەنگە بووە کە ئێمە جورئەتی ئەوە دەکەین هیوا بخوازین ئەم وەڵامــەی ئێمــە بــەلای کەمییــەوە دڵگیرییێکــی نوێخوازانــەی تێــدابێ. کەوایــە ئێمــە لــەوەوە دەســت پێدەکــەین کــە دووپــاتی بکەینــەوە ئەرمەنییەکان بە بەراورد لەگەڵ عەرەب و کورددا، هەمیشە کەمترین زەویوزاریان لە کوردستان هەبوە.

دوای پەیماننامــەی بــەرلین[١٤] کۆمــسیۆنێك کــە پێــك هــاتبوو لــە خوالێخۆشــبوو ژێنێــرال بــەکر پاشــا، ســەعید پاشــا، ســەرۆکی ئەنجومــەنی دەوڵــەتی عوسمــانی و مینــاس ئەفەنــدی، یــەکێك لــە بەگزادەکانی ئەرمەن، نێردرانە کوردستان بۆ سەرژمێری دانیشتوان. ئێمە تـەنها ئـەنجامی سـەرژمێریی دیاربـەکر بـە نموونـە دەهێنینـەوە: دانیــشتوانەکەی ٨٤٠٠٠٠ کەســە: موســڵمان ٦٠٠٠٠، مەســیحی و

[١٤] کۆنگرەی بەرلین لە ١٣ی حوزەیرانی ١٨٧٨ دەستیپێکرد و لە ١٣ی تەممووزی هەمان ساڵ کۆتایی هات و بەمەبەستی پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی پەیماننامەی سان ستیفانۆ بەسترا. لەم کۆنگرەیە وێرای ڕاستکردنەوە و چاککردنی پەیماننامەی سان ستیفانۆ، لە هەمووی گرینگتر بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی ئەوەبوو کە سەربەخۆیی ئیمپراتۆریای عوسمانی ناسێنرا. یەك لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی بەرلین گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی باڵقان بوو بۆ دەوڵەتی بچووك بچووك کە هیچ کامێکیان نەدەبوو لە سنوورێکی بۆدانراو زیاتر بچنە دەرەوە و بە هەزاران داوی دیپلۆماتییەوە بە زلهێزە ئەورووپیەکانەوە شەتەك درابوون، وەرگێڕ.

جوولەکە ٢٤٠٠٠٠ کەس و هەروا ئەوە زیاد دەکات کە ئەرمەنییەکان لە ناو ئەمانە ٥٪ی دانیشتوان پێك دەهێنن. بەڵگەیەکی دیکە کە شازادە لوبانۆڤی وەزیری کاروباری هەندەرانی ڕووسیا هەر بەم ئاڕاستەیە ساڵی ١٨٩٥ بە دەستیەوە دەدات، ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەکیش ناکرێ وەزیری ناوبراو بە تاوانی کوردخوایی* تاوانبار بکرێ.

لە لاپەڕە ١٦ی کتێبی شین** کە حکوومەتی بریتانی ساڵی ١٨٩٦ لە بارەی پرسی ئەرمەنەکان بڵاوی کردۆتەوە، برووسکەیەکی باڵوێزی ئینگلیز لە پێترۆگراد دەبینین کە بۆ وەزارەتی هەندەرانی ناردووە، بەم شێوەیە تێگەیشتنی خۆی دیاری دەکات: ((شازادە لوبانۆڤ-م بینی بە بێ حەوسەڵەییەوە چاوەڕوانی پێشنیارەکانی باڵوێزەکان دەکات. بەگوێرەی شازادە، ئەرمەنەکان تەنها لە بدلیس، ئەنگۆرە و ئەلکسەندەرییەدا زۆرینەن و ئەم سێ شارەش هێندە لەیەکەوە دوورن کە مەحاڵە لەسایەی یەك ویلایەتدا کۆبکرێنەوە. ئەرمەنەکان بە هەموو لایەکی ئیمپراتۆریادا پەرت و بڵاو بوونەتەوە، یان بۆ ئەوەی وردتر قسە بکرێ لەسەر هەموو گۆی زەوی پەرت و بڵاو بوون. بۆ ئەوەی دادپەروەر بین دەبێ دان بەوەدا بنێین کە هیچ کونجێك نییە بتوانرێ ناوی ئەرمەنستانی بەسەردا ببڕێ. بۆیە لە ئەنجامدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی* نابێ لەبەر چاو بگیرێ.

---

* Kurdophilie. واتە کورددۆستی

** *Livre Bleu*

* سورەییا بەدرخان لێرەدا هەڵەیەکی زۆر سەیری کردووە، لە جیاتی ئەوە نووسیویەتی (دروستبوونی دەوڵەتی لوبنان)، کە ئەمە بە هیچ جۆرێك نە لە نزیك

لــه گفتوگۆیــەکی نــاو پەرلــەمانی فڕانــسیدا لــەبارەی پرســی ئەرمەنەوە کە لە هەمان دەوراندا بووە، بەڕێز Mentotaux[١٥] کەم‌وزۆر بە هەمان زمان قسەی کردووە و دانی بەوەدا ناوە کە هیچ هەرێمێك لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا نییە بتوانین پێی بڵێین ئەرمەنییە.

لێرەدا تێبینییێك دەخەینە بەرچاو کە دەمانباتەوە سەر پرسی ڕەشەکوژییەکان. لە یەکەم ڕۆژی زاڵبوونی تورکەوە تا وەکوو ساڵی ١٨٩٢، ئەرمەنییەکان بە ئاشتی لەگەڵ تورك و کورددا ژیاون، هەتا لە ڕەگەزە مەسیحییەکانی دیکە زیاتریش پەسندتر بوون.

ئۆدیس لە کتێبەکەی خۆیدا لە بارەی تورکیای ئەورووپاوە دەنووسێ، تورکەکان کاتێك قسە لەسەر ئەرمەنەکان دەکەن، بە ڕەگەزە بەوەفایەکە یا وەکو ڕەگەزە سەرڕاستەکە ناویان دەبەن. لە لای ئێمەش پێوەندیی نێوان کورد و ئەرمەنییەکان هەتا زۆر دۆستانەتریش بوو، بەو هۆیەوە کە سەرۆکە کوردەکان لە تورکەکان سادەتر بوون و ئەم جیاوازییە کەمە لە ناو چینی مام ناوەنجیی کورددا بە هیچ کلۆجێ بوونی نەبوە، چونکە بۆ [کوردەکان، وەرگێڕ] ئەرمەنییەکان تەنها دۆستی موعانات بوون لەژێر دەسەڵاتی تورکدا. ئەم پێوەندیانە نەك هەر لە ساڵی ١٨٩٢دا، بەڵکوو هەتا پێش ئەوەی هیچ ئەورووپییێك پێ بنێتە ناو خاکی کوردستان و ئەو ساتانەیش کە

---

و نە لە دوور پێوەندیی بە باسەکەوە نییە، بۆیە وەك چۆن ئێمە لەم هەڵەیە دڵنیا بووین، ئێمە ڕاستەکەیمان نووسیوە کە ئەوەیش دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنییە، وەرگێر.

[١٥] سورەییا لێرەدا بە هەڵەدا چووە، ئەم بەڕێزە گابریەل ئانۆتو(١٨٥٣–١٩٤٤)یە کە لە ساڵی ١٨٩٦تا ١٨٩٨ وەزیری هەندەرانی فڕانسا بووە. ناوەکەی بە فڕانسی بەم شێوەیە Gabriel Hanotaux.

توركیا ئالایەکانی تا بەر دەرگایەکانی ڤیەننا بردبوو، هەبوون. دەکرا ئەرمەنەکان لە ماوەی ٥٥٠ ساڵدا سەرلەبەریان قڕ بکرێن، بێ ئەوەی ئەوروپا بتوانێ بێتە ناوەوە، ئەوان ڕەعیەتگەلی پەسندی تورکیا و کوردەکان و دۆستی بەوەفایان بوون.

ئەمە وا پێدەچێ سەیر بەدیار بکەوێ کە تورکەکان سوور نەبووبن لەسەر ڕیشەکێشکردنی ڕەگەزی ئەرمەنەکانیان تەنها لەو سەردەمە نەبێ کە باڵوێزخانە ئەوروپاییەکان لە کۆنستانتینۆپل دانران تا گەواهی بۆ ئەو قەتڵوعامە بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەناو سەربەخۆ بوون، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەوروپادا بوون. ئەوە هێشتا سەیر و سەمەرەتریشە کە کوردەکانیش هەر هەمان ئەو کاتەیان هەڵبژاردووە بۆ سووتاندنی ئاوایی ئەرمەنەکان و کاری خراپی نەگریسی کردن لەبەر چاوی ئەوروپییەکان و مسیۆنێرە ئامریکاییەکاندا کە بەناو هەموو شار و ئاواییەکانی کوردستاندا پەرت و بڵاو بووبوونەوە. ئێمە دەمانەوێ پەردە لەسەر ئەم ڕازە هەڵبدەینەوە کە ئەمە سەنگی مەحەکی بەڵگەهێنانەوەکانی ئێمە دەبێ.

وەختێک مسیۆنێرەکان بە تاوی جۆش‌وخرۆش و لەخۆبوردنەوە بۆ یەکەمجار دەخزێنە ناو کوردستان، هەوڵدەدەن لەناو کوردەکاندا کار بکەن، بەڵام کاتێک تێدەگەن هەر ئەستەمە ئەوانە لە ئایین وەربگێڕن، کۆششی خۆیان بەرەو بوارێکی دیکەی کردارەکانیان دەگۆڕن و هەموو هەوڵێکی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ بەشارستانیکردنی مەسیحییەکانی کوردستان. لەناو ئەمانەدا ئەرمەنییە ئارتۆدۆکسەکان وەکوو مانەوییەکان لە هەموان ئاسانتر

بوون کە وەریانبگێڕن و هەر زوو قوتابخانەی مسیۆنێرەکان پڕبوون لە قوتابیی ئەرمەنی. هەڵبەت مسیۆنێرەکان هەر زوو تێگەیشتن و ڕایان لەبارەی ئەرمەنییەکان دا و هیواخواز بوون هەستی نیشتمانیی لە هەموان بەرزتریان لە لا ببووژێننەوە، باسی مێژووی کۆنی تیگران و داگیرکردنەکان و شانشینی کۆنی ئەرمەنیان بۆ دەکردن کە لە کۆندا هەیانبووە. کورت و پەتی، مسیۆنێرەکان هەوڵیان دەدا هەستی سەربەخۆییان لە لا زیندوو بکەنەوە، بێ ئەوەی لە ڕاستیدا گوێ بەوە بدەن ئەنجامەکەی چی دەبێ. ئەرمەنییەکان کە لە سیفەتی سووخۆریی خۆیانەوە وا ڕاهاتبوون زیاتر لەوە وەربگرن کە هەقیانە، هەروەها ئێستەش ئارەزووی ئەوەیانە زیاتر لەوەی کە دادوەری ڕێگەیان پێنادات بەردەست بخەن. کۆنە شانشینی ئەرمەنی واپێدەچوو زۆر بچووك بێ، بۆیە حەزیان دەکرد کوردستان و ئاسیای بچووکیان ببێ و لەو بیرکردنەوەیەدا داوای لێبوردنیان دەکرد لەوەی کە ئەوەی وا تیگران هەیبووە، هەر تەنها بۆ چەند مانگێك بووە.

ئەمە بە هیچ شێوەیەك نموونەی باڵای سەربەخۆیی نیشتمانی نەبوو کە زەردەخەنەی بۆ دەکردن، بەڵکوو زیاتر لەوە لەو شوێنەدا کە پەنایان بۆ دەبرد سەردار بوون و سەری ئەوانەیان پان دەکردەوە کە ڕایانگرتبوون.

مسیۆنێرەکان پێیان دەوتن دەبێ داوای سەربەخۆیی خۆیان لە ئەورووپا بکەن، ئێمە ئەو شێوازە نیشان دەدەین کە هەڵیانبژارد تا کاری پێبکەن. سبەینێیکی ساڵی ١٨٩٢، خەڵکی سیزارێ، تاڤسون، تەلاس، قارس، یازغات، قیرشەهر، ئەنگۆرە، تاوقات، ئەماسیە و سیواس لەکاتێك لە خەو هەڵدەسن، دەبینن بەیانییەکەی لەسەر

هەموو دیوارەکانی شارەکان دروشم گەلێگ نووسرابوون کە جنێویان بە موسڵمانان و خەلیفەی موسڵمانان دەدا. ئەم جنێوانە بۆ خۆیان بەس بوون بۆ ئەوەی ڕقی دانیشتوان هەڵبسێنن، کەچی هەر بە هێند نەگیران. ئەم دروشمانە فرمانیان بە ئەرمەنیەکان دەکرد هەموو موسڵمانەکان، لە هەر تەمەن و ڕەگەزێك بن، بکوژن.

سەرسوڕما و لەم سەرپێچییە کە وا پێدەچوو لە لایەن ڕەعیەتی لە هەموان وەفادارتری سوڵتانەوە نووسرابن، خەڵك دەیانپرسی داخۆ ئەمە هەر تەنها شۆخییەکی بێمانا نییە. خەڵکەکە لەبەردەم دروشمەکاندا کۆبووبوونەوە، کاتێك لە لایەن ئەرمەنەکانەوە کە لەناو ماڵەکانیان و کلێسەکاندا خۆیان شاردبۆوە، تەقەیان لێ کرا. تەنها لە سێزارێ ٢٤٠ بنەماڵەی موسڵمان پەلامار دران کە بەشی زۆریان کوژران. سوڵتان دوو لە یاریدەدەرەکانی خۆی، ژێنێرال سەعید و عارف حیکمەت پاشای نارد بۆ ئەنگۆرە لەگەڵ فرمانی ئەوەی کە عابدین پاشای حاکمی هەرێمەکە و دادوەرێکی قەزایی هاوڵییان بکەن بۆ ئەوەی سەر لە هەموو ئەم شارانە بدەن و بەدواداچوونێك لەمبارەوە ئامادە بکەن. چوارسەد و بیست و هەشت ئەرمەنی لەم دەورانەدا دەستبەسەر کران، بێگومان بەشی زۆرترینی ئەمانەی دوایی پاش ئەوەی لە نوێوە سوێندیان خوارد کە لەمەودا ڕەعیەتی دڵسۆزی حکوومەت دەبن، ئازاد کران. تەنها شەست و پێنجیان بە تاوانی تالان و برۆ و کوشتن حوکم دران، لەوانە دەیان لەسێدارە دران و بیست و دووشیان بۆ چەند ماوەیەك زیندانی و ئەوانی دیکەش ئازاد کران. هەموو ئەم ئەرمەنیانە و هەموو ئەوانەش کە ئازاد کران و ئەوانەی کە حوکمیش دران، بە تێکرایی دانیان بەوەدا

نا کە ئارمانجیان ئەوە بووە تورکەکان دنە بدەن تا تۆڵەیان لێ بسێننەوە بۆ ئەوەی بەمە سەرنجی ئەوروپا بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

هەرچەندە ئەمجارەیان سەر نەکەوتن، بەڵام بە کۆششی بێوچانیان دواجار دەیانتوانی تێیدا سەر بکەون، بەوەی تاو بدەنە سەر چەند حاڵەتێك کە تێیدا قوربانییەکان بەدەستی چەکدارانە داکۆکی بکەن.

لەکاتێکدا هەموو ئەمانە لە تورکیا بەڕێوە دەچوون، ئەرمەنییەکان بە هێمنی لە کوردستان دەژیان و ئەوە تەنها ئەو کاتە بوو کە ئەرمەنییەکانی یەریڤان پەلاماری (ساسۆن، تالۆن، زەردیان)یان داو و جاڕی ڕەشەکوژیی گشتیی کوردەکانیان ڕاگەیاند کە گوێمان لێدەبوو باسی نەگریسییەکانی ئەوانە دەکرا. هەڵبەت کوردەکان لە هەموو لایەك ئەوە تەنها بۆ پاراستنی بنەماڵە و ماڵەکانیان بوو لە بەرامبەر پەلاماری ئەرمەنییەکاندا کە چەکیان هەڵگرت.

لێرە* ئەرمەنەکان سەرداری ڕەوشەکە بوون و مسیۆنێرەکان و کونسوڵەکان کە کەموزۆر هیچ پێوەندییەکیان بە کوردەکانەوە نەبوو

---

